# موزیکی ژوور

جەیمس جۆیس

(١٨٨٢-١٩٤١)

وەرگێڕانی

نەوا موکرجی

جەیمس جۆیس. موزیکی *ژوور*. وەرگێڕانی: نەوا موکرجی. سلێمانی: وەرگێڕ لە ماڵپەڕی خۆی بڵاوی کردووەتەوە: www.nawa.net، چاپی ٢٧ی شوباتی ٢٠٢٣.

لەم نامیلکەیەدا ئاماژە بە هەندێک ڕاڤەی جەی سی سی مەیس دراوە، لە پەڕاوێزەکاندا بە (مەیس، *ژمارەی لاپەڕە*) ئاماژەم پێیان داوە. ئەو ڕاڤانە لەم پەڕتووکەوە وەرگێڕراون:

James Joyce. *Poems and Exiles*. Edited with an introduction and notes by J. C. C. Mays. Penguin Books. Great Britain. 1992.

ئەم بەرهەمە ژمارەی سپاردنی نییە و هەر ئابرووچوون و داوەشینە لە ساڵی ٢٠٢٣دا باسی سانسۆر و ژمارەی سپاردن و ڕێپێدان و ڕێگرتن بکرێت.

ئەم پەڕتووکە ئەلیکترۆنییە دیاریی خۆڕایی وەرگێڕەکەیەتی بۆ هەر کەسێک لە گەردووندا کە بتوانێت لانیکەم یەک وشەی کوردی بخوێنێتەوە. لە ماڵپەڕی (www.nawa.net)دا بێبەرانبەر بە پی دی ئێف بڵاوم کردووەتەوە، ئەگەر بۆ خۆت و بە ئامێری پرنتەری ماڵەوە دەیخەیتە سەر کاغەز و دەیخوێنیتەوە، هیچ لارییەکم نییە، بەڵام تکایە چاپی مەکە و بڵاوی بکەیتەوە و ڕێش مەدە کەسانی چواردەورت بێباکانە پارە بەم دیارییەی من پەیدا بکەن، لە کەسیشی مەکڕە، چونکە ئەگەرچی ئەم دانەیە دیارییە بۆ تۆ، بەڵام بە شایستەی ئەوەم بزانە مافی خاوەندارێتییەکەی و مافی بڵاوکردنەوەکەیم بۆ مابێتەوە.

# پێشەکیی وەرگێڕ بۆ موزیکی ژوور

موزیکی *ژوور* زاراوەیەکی موزیکییە، لە بنەچەدا بۆ ئەو موزیکانە بە کار هێنراوە کە بۆ کڵێسا و شانۆ و کۆنسێرتی گشتی نەنووسراون و دانەنراون. دەشێت موزیکێک بێت بۆ یەک ژەنیار یان یەک دەنگبێژ، یان یەک ژەنیار/دەنگبێژ و ئامێرێکی هاوشان، وەک پیانۆ. دەشێت موزیکێک بێت بۆ یەک یان دوو یان سێ، یان چوار ئامێر یان زیاتر. بە گشتی موزیکی ژوور لەمانە پێکهاتووە: سۆناتا، دووانینەی کەمانچە یان چەلۆ و پیانۆ، ئامێرێکی هەوایی و پیانۆ، سیانینەی ئامێرە ژێدارەکان، دوو ئامێری ژێدار و پیانۆیەک، چوارینەی ئامێرە ژێدارەکان، سێ ئامێری ژێدار و پیانۆیەک، یان پێنجینە و شەشینە و حەوتینە و هەشتینە و ئاوها تا دوایی. بەناوبانگترین و گرنگترین جۆری موزیکی ژوور *چوارینەی ئامێرە ژێدارەکان*ە، کە بە گشتی لە دوو کەمانچە و ڤیۆلایەک و چەلۆیەک پێکهاتووە[1].

هۆنراوەکانی ئەم هۆننامەیە لە نێوان ساڵانی ١٩٠١ تا ١٩٠٤ نووسراون، واتە لە تەمەنی نۆزدە بۆ بیست و دوو ساڵیی جۆیسدا. ئەم هۆننامەیە لە ٣٦ هۆنراوە پێکهاتووە و لە ساڵی ١٩٠٧دا پێکەوە لە دووتوێی námیلکەیەکدا بڵاو کراونەتەوە و ٥٠٧ دانەی لێ چاپ کراوە. لەو námیلکەیە و چاپەکانی دواتریشدا هیچ کامێکیان ناونیشانیان نەبووە و تا ئێستاش هەر وا بێناونیشان هێڵراونەتەوە، لەم وەرگێڕانە کوردییەشدا هەر وا بێناونیشان هێشتوومنەتەوە. بەڵام پێش ئەوەی لە ساڵی ١٩٠٧دا هەموویان پێکەوە چاپ بکرێن جۆیس ناونیشانی بۆ کەمێکیان داناوە و هەندێکی کەمیانی بە ناونیشانەوە لە ڕۆژنامەی جیاجیادا بڵاو کردووەتەوە، کە لە پەڕاوێزی هۆنراوە وەرگێڕراوەکانی ئەم پەڕتووکەدا ناونیشانەکانیان دانراونەتەوە. هەرە درێژەکەیان لە ڕووی ژمارەی وشەوە سی و سێیەمینیانە، کە لە ڕووی دێڕیشەوە هەرە درێژەکەیانە و ١٨ دێڕە. هەرە کورتەکەیان لە ڕووی ژمارەی وشەوە بیست و یەکەمینیانە، کە لە ڕووی دێڕیشەوە هەرە کورتەکەیانە و ٦ دێڕە. ستانیسلاوسی برای جەیمس جۆیس دەڵێت کە شێوازی ڕێکخستنی هۆنراوەکان بە گوێرەی ویستی جەیمس نەبووە، بەڵکو بە گوێرەی ویستی خۆی بووە، جۆیس دەستنووسەکانی بۆ ستانیسلاوس ناردووە و ستانیسلاوس خۆی ڕێکی خستوون و جۆیسیش بێ چەندوچوون و پرسیار پەسەندی کردووە.

---

[1] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە *فەرهەنگی ئۆکسفۆردی موزیک*، تۆماری *chamber music*.

ستانیسلاوس پێشنیاری ناونیشانی موزیکی *ژووری* بۆ جەیمس کردووە، ئەم پێشنیارەش پەیوەستە بە ڕووداوێکەوە کە بە شێوەی جیاواز گێڕراوەتەوە، بەڵام بە گشتی، ئەوەی ئێڵمان لە پەڕتووکەکەیدا (ڕیچارد ئێڵمان، *جەیمس جۆیس*، [ئۆکسفۆرد، ئینگلتەرا]، ١٩٨٣، لا. ١٥٤)دا باسی دەکات بەم شێوەیەیە: جەیمس جۆیس و ئۆلیڤەر سانت جۆن گۆگەرتی، کە لە *ئولیس*دا ناوی *بەک (مەلاخی) مەڵیگن*ە و هەر لە ئەڵقەی یەکەمەوە دەیناسین (بڕوانە پەڕاوێزی هۆنراوەی ١٧)، شەوێک لەگەڵ بێوەژنێکدا بە ناوی *جێنی* دانیشتوون (لە گێڕانەوەیەکی تردا: چوون بۆ سۆزانیخانەیەک و لەگەڵ سۆزانییەکدا بوون)، جۆیس، کە هۆنراوەکانی خۆی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە و هەر یەکێکیانی بە باشترین دەستوخەتی خۆی لەسەر کارتۆن نووسیوەتەوە، هۆنراوەکانی خۆی خوێندووەتەوە و بێوەژنەکە بە دڵی بوون، بەڵام ناچار بووە لە ناوەڕاستی خوێندنەوەکەدا دەست بە ئاو بگەیەنێت. لەو سەردەمەدا، پێش ئەوەی تەوالێت بۆ ناو ماڵان بهێنرێت، لە ژووری نووستندا کاسەیەک، وەک کورسیی تەوالێتی ڕۆژئاوایی ئەمڕۆ لە ژووری نووستندا بۆ پێویستی دادەنرا و دواتر بەتاڵ کراوە. جۆیس و گۆگەرتی گوێیان لە خانمەکە گرتووە (یان گوێیان لێی بووە) و کە دەنگی میز هاتووە، گۆگەرتی وتوویەتی: «ئەوە ڕەخنەگرێکە بۆ تۆ!» کە جۆیس ئەم چیرۆکەی بۆ ستانیسلاوس گێڕاوەتەوە، ستانیسلاوس وتوویەتی: «دەتوانیت ئەوە وەک نوقڵانەیەکی باش وەربگریت!». بەڵام ئەم پەیوەندییە، لەبەرئەوەی لەسەر بنەمای ڕەگەزدۆزیی زمانی ئینگلی بونیاد نراوە، لە وەرگێڕاندا ون دەبێت، بەڵام بەم شێوەیەیە: لە ئینگلیدا بە موزیکی *ژوور* دەوترێت: *چەیمبەر میوزیک chamber music* و بەو جۆرە کاسەی تەوالێتەی جاران دەوترێت: *چەیمبەر پۆت chamber pot* و لە سەردەمی شا ئەلیزابێثی یەکەمیشدا بە ژووری نوستنیان وتووە *چەیمبەر chamber* و بە کاری جووتبوونی ژووری نوستنیشیان وتووە: *چەیمبەرینگ chambering*. بۆیە موزیکی *ژوور* جگە لە واتا ڕووکەشییەکەی کە موزیکێکە و لە کڵێسا و کۆنسێرتەکاندا ناژەنرێت، هاوکات موزیکی ژووری نوستن و کاتی سەرجێیی و تەوالێتیشە! هەر بۆیە هەندێک ڕەخنەگر و خوێنەر پێیان وایە ئەم هۆنراوانە لە ڕووکەشدا واتایەک دەدەن و دەشکرێت خوێندنەوەیەکی ناوکەشیشیان بۆ بکرێت کە واتای سەرجێییانە و تەوالێتییانەش بدەن. لە ئەڵقەی یانزەیەمی *ئولیس*یشدا ئەم ڕەگەزدۆزی و تیلنیشانە دووپات دەبێتەوە، بلووم بە شەپۆلی هۆش (لە خەیاڵی خۆیدا) دەڵێت:

ئای، تەماشا ئەوەتا! موزیکی ژوور. دەتوانم جۆرە ڕەگەزدۆزییەک لەسەر ئەوە دروست بکەم. جۆرە موزیکێکە کە زۆر بیرم لێی کردووەتەوە کە ئەو. ئەوە بیستنناسییە. زرنگەزرنگ. گۆزەی بەتاڵ زۆرترین دەنگ دروست دەکات. چونکە بیستنناسی، دەنگدانەوەکە بە گوێرەی کێشی ئاوەکە دەگۆڕێت کە یەکسانە بە یاسای کەوتنی ئاو... دیدلیدل ئادلئادل ئوودلئوودل. هیسسسس. ئێستا. ڕەنگە ئێستا. پێشتر.

بەڵام جۆیس ناونیشانی *موزیکی ژووری* بە دڵ نەبووە، لە ١٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٠٦دا بۆ ستانیسلاوسی برای نووسیوە: «هۆی ئەوەی کە ناونیشانی *موزیکی ژوورم* بە دڵ نییە ئەوەیە کە ناونیشانەکە زۆر پۆزاوییە. حەزم لە ناونیشانێکە تا ڕادەیەک ناوەرۆکەکەی ڕەت بکاتەوە بێ ئەوەی تەواو نکۆڵیی لێ بکات». بەڵام دواتر، بە هۆی جووتواتاییەوە بووبێت، کە جۆیس حەزی پێی هەبووە، یان هەر شتێکی تر بووبێت، جۆیس پەسەندی کردووە.

یەکێک لەو کەسانەی خوێندنەوەیەکی جیاوازی بۆ ئەم دێڕانە کردووە، ولیەم یۆرک تیندەڵ (١٩٠٣-١٩٨١)ە کە لە ساڵی ١٩٥٤دا ئەم هۆنراوانەی بڵاو کردووەتەوە و تێبینیی لەسەریان داوە، لێکدانەوەی خۆی خستووەتە ڕوو کە فڵان دێڕ بە واتای میزکردن دێت و فیسار دێڕ بە واتای دەسپەڕ دێت و ئاوها، ئەگەرچی لە هەندێک جێدا لێکدانەوەکانی لاوازن و ئاسان لەگەڵ دەقەکاندا یەک ناگرنەوە. من خۆم پێم وایە تیندەڵ و هاوشێوەکانی بە زۆر دەیانەوێت واتای تر لە دەقەکە دەربتکێنن، ئەگینا پێم وایە زۆرینەی دەقەکان ئەوە دەڵێن کە دەیڵێن، پێم وا نییە ئەگەر لەوەش زیاتر بڵێن، ئەوا واتا و بابەتە لاوەکییەکانیان ئەوەندە لە واتا و بابەتە سەرەکییەکەیان جیاواز بێت. ئەگەر مەبەستی جۆیسیش بپێوین، ڕەنگە مەبەستی زیاتر موزیک بووبێت، چونکە زۆربەی کات لە نامەکانیدا بە «گۆرانی» ئاماژەی بەم هۆنراوانە داوە، نەک تەنها بە «هۆنراوە»، بۆ نموونە لە نامەیەکیدا بۆ دایکی کە لە ئاداری ١٩٠٣دا نووسیویەتی، دەڵێت: «پەڕتووکی گۆرانییەکانم لە بەهاری ١٩٠٧دا بڵاو دەبێتەوە». هەر خودی ڕێکخستنی هۆنراوەکانیش، ئەگەرچی بە ویستی ستانیسلاوسی برای بووە، کە تا ڕادەیەک لاسایی داڕشتەیەکی موزیکی دەکاتەوە (پێشەکی – پەرەپێدان [هەڵچوون تا هۆنراوەی ١٤ و لەوێوە دابەزین تا ٣٤] – پاشەکی)، بەڵگەیەکی ترە کە جۆیس مەبەستی زیاتری لەوە بووە ئەم کارانە وەک لاسایی موزیک بناسرێن. لە هەندێک نامەی تریشیدا دەردەکەوێت کە جۆیس لە کاتی نووسینیاندا بە دڵ

نووسیبێتنی و گوزارشتیان لە هەست و تێگەیشتنی ئەو تەمەنەی کردبێت، وەک لەو نامەیەی لە ٢١ی ئابی ١٩٠٩دا بۆ نۆرای هاوژینی نووسیوە و دەڵێت:

وا بزانم ئەوینی من لێی داویت، وایە؟ پێم خۆشە کە بیر دەکەمەوە تۆ دێڕەکانم دەخوێنیتەوە (گەرچی پێنج ساڵت ویست تا دۆزیتنەوە). ئەو کاتەی دەمنووسین کوڕێکی نامۆ و تەنیا بووم، بە تەنیا شەوان دەسووڕامەوە و بیرم لەوە دەکردەوە کە ڕۆژێک کچێک خۆشی دەوێم. بەڵام هەرگیز نەمدەتوانی قسە لەگەڵ ئەو کچانەدا بکەم کە لە یانەکاندا دەمبینین. ڕەفتارە ساختەییەکانیان یەکسەر دەیانوەستاندم. پاشان تۆ هاتیت بۆ لام. تۆ بە شێوەیەک ئەو کچە نەبوویت کە خەونم پێوەی دیوە و ئەو دێڕانەم بۆی نووسیوە کە ئێستا دەیانخوێنیتەوە و زۆر بە لاتەوە پەسەندن. ئەو (بەو شێوەیەی لە خەیاڵمدا وێنام دەکرد) لەوانە بوو کچێک بێت کە بە چاندی نەوەکانی پێش خۆی بە جوانییەکی سەیری مەند گەیشتبێت، ژنێک کە هۆنراوەی وەک «خانمی نیان» یان «بۆ توێکڵی شەو»م بۆی نووسیوە بەڵام دواتر بینیم کە جوانییەکەی گیانی تۆ بۆڕی بە تیشکی جوانیی دێڕەکانم دا. شتێک لە تۆدا هەبوو کە لە هەر شتێک بەرزتر بوو کە خستبوومنە ئەو دێڕانەوە. بۆیە لەبەر ئەم هۆیە ئەم پەڕتووکی دێڕانە بۆ تۆیە. خولیای گەنجیمی هەڵگرتووە و تۆش ئەی ئازیز، وەدیهاتووی ئەو خولیایەیت.

ئەو دوو هۆنراوەیەی لە نامەکەدا ئاماژەی پێیان دا هۆنراوەکانی ٢٦ و ٢٨ی ئەم نامیلکەیەن.

دیدێکی ڕەخنەگر و بەراوردکار، بە تایبەتی لە دەقە ئینگلییەکەی ئەم هۆنراوانەدا دەبینێت کاریگەریی ئەم هۆنەرانە بەسەر دێڕەکان و هەندێک لە وشە و وێنەکانی جۆیسەوە هەبوون: ولیەم بەتڵەر یەیتس (١٨٦٥-١٩٣٩)، شێکسپیر (١٥٦٤-١٦١٦)، کۆلێریدج (١٧٧٢-١٨٣٤)، جۆن کیتس (١٧٩٥-١٨٢١)، ولیەم بلەیک (١٧٥٧-١٨٢٧)، ئالفرێد لۆرد تێنیسن (١٨٠٩-١٨٩٢)، جۆن میڵتن (١٦٠٨-١٦٧٤) و هەندێک هۆنەری تریش. ئەگەرچی کاریگەرییەکان زۆر نین، بەڵام من بە ئەنقەست زۆربەی ئەم کاریگەرییانەم لە ڕاڤەکاندا باس نەکردووە، چونکە لە لایەک دەبوو خۆم ئەو دێڕانەی ئەو هۆنەرانەش وەربگێڕم کە جۆیس لێوەی هێناون، یان بە جۆرێک لاسایی کردوونەتەوە، پاشان بە شێوەیەک وەریانبگێڕم کە پەیوەندییەکەیان لەگەڵ ئەم وەرگێڕانە کوردییانەدا ڕوون ببێتەوە، ئەمەش کاتێکی زۆری لێم دەبرد لە کاتێکدا من سەرقاڵی وەرگێڕانی *ئولیس*م. لە لایەکی تریش لەبەرئەوەی پێم وا نەبوو ئەوەندە

بابەتێکی گرنگ بێت و دڵنیام لە ئایندەدا توێژەر و خوێنەرانی بەتوانای کورد دەتوانن ئەو پەیوەندییانە بەم هۆنراوانەوە بلکێننەوە.

ڕیچارد ئێڵمان لە پەڕتووکی *جەیمس جۆیس*دا چەند جارێک ئاماژە بەوە دەدات کە جۆیس بە گشتی خۆی بە هۆنەر نەزانیوە، تەنانەت لەساڵی ١٩٠٩دا بە پێدرایک کۆلوم (١٨٨١-١٩٧٢)ی وتووە «من هۆنەر نیم» و ئەم هۆنراوانەی زۆر لا گرنگ نەبووە و بە هۆنراوەی باشی نەزانیون، ڕۆژێک پێش ئەوەی هەموو هۆنراوەکان لە دووتوێی نامیلکەیەکدا بڵاو ببنەوە بە ستانیسلاوسی برای وتووە کە دەچێت و داوا لە بڵاوکەرەوەکە دەکات ئەم هۆنراوانە بڵاو نەکاتەوە، بەڵام ستانیسلاوسی برای، کە ئەم هۆنراوانەی بە دڵ بووە، زۆر هەوڵی داوە لەم بڕیارە پاشگەزی بکاتەوە، جۆیس وتوویەتی: «هەموو ئەو شتانە خراپن»، ستانیسلاوسیش شەو تا نزیکی بەرەبەیان لە دەرەوە پیاسەی لەگەڵدا کردووە تا لە کۆتاییدا پاشگەزی کردووەتەوە. کە هۆنراوەکانیش بڵاو کراونەتەوە لە سەردەمی خۆیدا فرۆشێکی زۆری نەبووە، ئێڵمان دەڵێت تا ٢٤ی تەمموزی ١٩٠٨یش تەنها ١٢٧ دانە لە ٥٠٧ دانە چاپکراوەکە فرۆشرابوو. لە ساڵی ١٩١٣دا هێشتا کەمتر لە ٢٠٠ دانەی لێ فرۆشرابوو و هیچ پارەیەکی بۆ جۆیس پەیدا نەکردووە. هەروەها سەرنجێکی بەرچاوی ڕەخنەییشی ڕانەکێشاوە. جۆیس لە نامەیەکدا کە لە ١ی ئاداری ١٩٠٧دا بۆ ستانیسلاوسی برای نووسیوە دەڵێت:

> وازم بە پەڕتووکەکە نایەت، بەڵام خوازیارم بڵاو بکرێتەوە و چی دەبێت با ببێت. بەهەرحاڵ، ئەوە پەڕتووکی کوڕێکی گەنجە. بەو جۆرە هەستم کردووە. پێم وایە بە هیچ شێوەیەک پەڕتووکی دژی خۆشەویستی نەبێت. بەڵام هەندێکیان بایی ئەوەندە جوانن کە بکرێن بە گۆرانی. هیوادارم یەکێک وا بکات، یەکێک کە موزیکی ئینگلیی کۆن بزانێت، لەو جۆرەی من حەزم لێیەتی. ئینجا زۆر خۆدەرخەرانەش نین و شتێک شەنگییان تێدایە. خۆم دانەیەکی بۆ خۆم لێ هەڵدەگرم و (ئەوەندەی بیرم بێتەوە) لە سەرووی هەر لاپەڕەیەکدا ناونیشانی جێیەک یان هی شەقامێک دەنووسم تا کە پەڕتووکەکەم کردەوە سەردانی ئەو جێیانە بکەمەوە کە گۆرانییە جیاجیاکانم لێیان نووسیوە.

بەڵام ئێڵمان دەڵێت کە جی مۆلینیو پاڵمەر، کە موزیکدانەرێکی ئایری بووە، داوای لە جۆیس کردووە ڕێی بدات هەندێک لە هۆنراوەکان بکاتە گۆرانی، جۆیس ئەمەی پێی وتووە: «گۆرانیی ناوەڕاستیان چواردەیەمینیانە، لە دوای ئەوەوە جووڵەکە

بەردەوام بەرەو خوار تل دەبێتەوە تا سی و چوار، کە کۆتایی پەڕتووکەکەیە. ۳۵ و ۳٦ کلکن، هەر وەک چۆن ۱ و ۲ش پێشەکین.»

بەهەرحاڵ، جۆیس بە دڵی بووبن یان نا، مەبەستی تریان لە پشتەوە بووبێت یان نا، بەڵام ئەم هۆنراوانە بۆ لێکۆڵینەوە لە هونەری جۆیس گرنگن، لێرەوە سەرەتاکانی هەوڵەکانی جۆیس دەبینین بۆ لێکدان و داهێنانی وشە و کەڵکوەرگرتن و لاساییکردنەوەی نووسەرانی تر و هەوڵدان بۆ سوودوەرگرتن لە موزیک (و دواتریش هونەری تر) لە نووسیندا، کە لە *ئولیس*دا ئەمانەی بە شێوەیەکی مامۆستایانە تاقی کردووەتەوە.

هەندێک جار لە وەرگێڕانەکەدا وشەیەک، کە دەبێت بە دوو ی یا دوو و بنووسرێت، بە یەک دانە نووسراوە، یان جارێکیش وێرگوڵ (') لە بری پیتێکی قرتاو دانراوە، هەموو ئەوانە تەنها لەبەر کێشی هۆنراوە وەرگێڕراوەکە وا وان.

**نەوا موکرجی**

۲۹ی کانوونی یەکەمی ۲۰۲۲ – ۱۷ی شوباتی ۲۰۲۳

# ١[1]

ژێکان لە زەوی و هەوادا
موزیکی خۆش دروست دەکەن؛
ژێکانی کەناری زێکە
کە لەوێ دارەبییەکان بە یەک دەگەن.

موزیک لە گوێ زێکەدایە
چون ئەوین[2] لەوێ دەگەڕێت،
گوڵی کاڵ بە کەواکەی و
بە قژیشیەوە گەڵای تۆخ.

بە نەرمی دەژەنن هەمووان،
بۆ موزیک نەوییە سەریان،
پەنجەکانیان
لەسەر ئامێرێک هەڵوەدان.

---

[1] لەگەڵ پێنج هۆنراوەی تردا لە کۆمەڵە دەستنووسێکی شقڵیوپقڵیی جیاوازدا هاتوون، وا دیارە لە نێوان ١٩٠٣-١٩٠٤ نووسرابێت. جۆیس دەڵێت کە لەگەڵ هۆنراوەی ٣دا وەک پێشەکی وان (مەیس ٢٧٠).

[2] لە دەقە ماکەکەدا پیتی یەکەم کراوە بە گەورە، واتە ئەوین بە کەس کراوە، لێرە و لە هۆنراوەکانی ٣، ٩، ١١، ١٢، ١٣، ١٦، ٣٠، ٣٣دا هەموویان بە کەس کراون.

# ٢[1]

بوولێڵ[2] لە جەمشتەوە[3] بوو
بە شینێکی تۆخ و تۆختر،
ڕووناکیەکان[4] بە ورشەیەکی کزی سەوز
درەختەکانی شارێکە تەژی دەکەن.

پیرە پیانۆ
هەوایەکی[5] مەند و خاو و شاد دەژەنێت؛
بەسەر دوگمە زەردەکاندا ئەو[6] خۆی دەنوشتێنێتەوە و
هەر بەو تەرزە سەری دەچەمێنێتەوە.

بیری شەرمن و سەنگین و چاوی بزی
گوێ ڕادەگرن کە دەستەکانی دەگەڕێن –
بوولێڵ بوو بە شینی تۆختر
لەگەڵ ڕووناکیی جەمشترەنگ.

---

[1] ستانیسلاوس جۆیس بە تیندەڵی وتووە کە ئەم هۆنراوەیە لەناو کۆمەڵە هۆنراوەیەکی پێشووتردا لە دەفتەرێکی تێبینیدا نووسراوە، لەژێر ناونیشانی *ئاسایی*دا و نووسینی دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ساڵی ١٩٠٢. ئەم ناونیشانەش ناونیشانی یەکێک بووە لەو هۆنراوانەی جۆیس لە هاوینی ساڵی ١٩٠١دا بۆ ولیەم ئارچەری ناردووە. بە کورتی: ئەم بەڵگانە ئەوە دەردەخەن کە ئەم هۆنراوەیە یەکێک بووە لەوانەی لە هەموو ئەوانی تری *موزیکی ژوور* زووتر نووسراوە (مەیس ٢٧٠).

[2] پێش خۆرهەڵهاتن، یان دوای خۆرئاوابوون.

[3] **جەمشت**، بە ئینگلی *amethyst*: بەردێکی ئەرخەوانیی بەنرخە، وەک خشڵ بە کار دەهێنرێت.

[4] بەوەی لە سەردەمی جۆیسدا هێشتا کارەبا نوێ بوو، ڕووناکییەکانی سەر شەقامەکان هێشتا هەر گاز بوون و کارەبایی نەبوون.

[5] **هەوا**، بە ئینگلی *air*: موزیکێکی خاوە.

[6] ئاماژەکە بۆ *ئەوی* مێیە: *she*.

# ١٣[1]

لەو دەمەدا هەموو شتان سرەوت دەگرن،
ئەی تەماشاوانی تەنیای ئاسمانەکان،
بای شەوان و ئاهەکانی هارپەکانت[2] گوێ لێیە کە
بۆ ئەوین[3] دەژەنن تاکو
دەروازە ڕەنگزەردەکانی[4] خۆرهەڵهاتن[5] بکەنەوە؟

کە هەموو شت سرەوت دەگرن، داخۆ تەنیا
بێداریت و گوێ بۆ هارپە خۆشنەواکان هەڵدەخەیت کە
بۆ ئەوین و لە بەر و ڕێی ئەو دەژەنن[6]،

---

[1] ئەم هۆنراوەیە وەک پێشەکی وایە (مەیس ٢٧١).

[2] **هارپ**، بە ئینگلی *harp*: ئامێرێکی گەورەی موزیکییە، ڕیزێک ژێی هەیە کە لە کورتەوە بۆ درێژ ڕیز بوون، بە نقورچگرتن لە ژێکان تۆن دەردەچێت و دەژەنرێت. هارپی چەسپێنراوی سەردەمی ئێستا لە خوارەوە حەوت قاچکی هەیە (*قاچک*، ئەگەرچی خۆی لە کوردیدا چەند واتایەکی هەیە، بەڵام ئەمەیان لەسەر بنەمای وشەی *دەسک* خۆم دامرشتووە، واتە شتێک قاچی پێدا بنرێت، وەک قاچکی بەنزین یان وەستانی ئوتومبێل.) ئەم ئامێرە پەرەپێدراوی ئامێری *قیسارەی* کۆنی میزۆپۆتامیایە کە ئێمە پێی ئاشناین. ئەم وێنەی هارپانە کە بە با دەژەنرێن دەمانخاتە بیری «هارپی ئەیۆلی» کە لە ئەڵقەی حەوتەمی *ئولیس*یشدا هاتووە. گیفرد لە بارەیەوە دەڵێت: «هارپی ئەیۆلی ئامێرێکی موزیکیی ژێدارە کە بۆ ئەوە دروست کراوە با (ئەیۆلۆس) بیژەنێت، نەک پەنجەی مرۆڤ. هارپ ئامێری شایەرە کەڵتییەکان بووە و هێمای نەتەوەیی ئایرلاندە».

[3] ئەوین بە کەس کراوە، بڕوانە دووەم پەراوێزی هۆنراوەی ١.

[4] ئەو وشەیەی لە دەقە ماکەکەدا بە کار هاتووە وشەی *پەیڵ pale*، کە لە ئینگلیدا چەند واتایەک لە خۆ دەگرێت، لەوانە *کاڵ، ڕەنگزەرد، ڕەنگپەڕیو، کز*...تد. لە کوردیدا دەبێت بە گوێرەی بەستێنە جیاکان واتای جیاواز لە خۆ بگرێت. لە هۆنراوەی ١دا دەڵێت: «گوڵی **کاڵ**»؛ لە هۆنراوەی ١٢دا دەڵێت: «ورشەیەکی **کزی** سەوز»؛ لێرەشدا بە **ڕەنگزەرد** وەرمگێڕاوە. لە هۆنراوەی ٧ و ١٤دا بە کاری هێناوەتەوە.

[5] دەروازە ڕەنگزەردەکانی خۆرهەڵهاتن: ئەم دەستەواژەیە بیری چەند دێڕێکی ولیەم بلەیکمان دەخاتەوە، ڕەنگە بە هۆی وشەی «دەروازە»وە بێت، کە بلەیک زۆری حەز لێی بوو (مەیس ٢٧١).

[6] دەکرێت ئەم دێڕە زیاتر لە واتایەک هەڵبگرێت، **واتای یەکەم**: هارپە خۆشنەواکان بۆ ئەوین دەژەنن لە بەردەمی ئەوین خۆیدا و بە ڕێباز و شێوازی ئەوین خۆی؛ **واتای دووەم**: هارپە خۆشنەواکان بۆ ئەوین دەژەنن پێش ئەوەی ئەوین بگات، یان ئەو کاتەی ئەوین بە ڕێوەیە. **واتای سێیەم**: ئەو واتایەیانە کە زیاتر لام پەسەندە، ئەویش ئەوەیە کە لە کۆپلەی پێشووتردا هارپەکان داوایان لە ئەوین کرد بچێت دەروازەی

بای شەوانیش بۆی بسەنێتەوە وەڵام
تا شەوەکە تێدەپەڕێت؟

دەی ئەی هاڕپە نادیارەکان، دە دەی بۆ ئەوین بژەنن،
کە وا ڕێی ئەو لە ئاسماندا گەشاوەیە
لەو دەمەدا ڕووناکیی کز دێن و دەچن،
موزیکی خۆش لە هەوای سەر
لە خوارەوەش لەناو زەوی.

---

خۆرهەڵهاتنیان بۆ بکاتەوە، بۆیە وا ئێستا کە کەوتوونەتە ژەندن، ئەوینیش بە ڕێ کەوتووە تا بچێت دەروازەی خۆرهەڵهاتنیان بۆ بکاتەوە. بۆیە هاڕپەکان لەبەر ڕێی گەشاوەی ئەویندان و ئەوینیش کەوتووەتە ڕێ بۆ کردنەوەی دەروازەی خۆرهەڵهاتن، واتە بەیانی. ڕێی ئەوینیش گەشاوەیە، وەک ئەوەی لە کۆپلەی سێیەمدا دەڵێت.

## ٤[1]

که ئەستێرە شەرمنەکە[2] لە ئاسماندا دەردەکەوێت
وەک پاکیزە، خەمگین خەمگین،
لە ئێوارە خەواڵوەکەدا گوێت لێیە
لە بەردەم دەروازەکەتدا یەکێک گۆرانی دەبێژێت.
گۆرانییەکەی لە ئاورنگیش سازگارترە و
بۆ سەردانی تۆ هاتووە.

ئیتر بە دەم زڕخەوەوە مەچەمێوە
کە لە شامدا[3] بانگت دەکات،
ڕاشمەمێنە: داخۆ کێ بێت، ئەم گۆرانیبێژە کێ بێت
کە ئەوەتا گۆرانیەکەی بە دەور دڵمدا دەبارێت؟
تۆ بەمەدا بیناسەوە، بەستەی دڵدار،
ئەوە منم منم سەردانکەرەکەی تۆ.

---

[1] ئێڵمان (لا ١٢١) دەڵێت کە جۆیس لە ٨ی شوباتی ١٩٠٣دا لە پاریسەوە ناردوویەتی بۆ ستانیسلاوسی برای. ئەم هۆنراوەیە وەک وەڵامێک وایە بۆ هۆنراوەی ٢، کە لە یەک دەستنووسدا هاتوون. «ئەستێرە شەرمنەکە» و «بیری شەرمن»ی هۆنراوەی ٢ پەیوەندییان پێکەوە هەیە (مەیس ٢٧١).
لە ٢٠ی ئایاری ٢٠٢٠دا وەرمگێڕا، بەڵام لە ٣٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢دا لەژێر ڕۆشنایی وەرگێڕانەکەی پێشوومدا سەرلەنوێ وەرمگێڕایەوە. هۆی وەرگێڕانەوەکەی ئەوەیە کە لەوەی پێشووتردا ئازادیی زیاترم وەرگرتبوو، هاوکات پەیوەندیی هۆنراوەکەشم بە هۆنراوەکانی تری موزیکی ژوورەوە بە هەند وەرنەگرتبوو. بەڵام ئەم هۆنراوەیە پەیوەندیی بە هۆنراوەکانی ترەوە هەیە، وەک «دەی چیتر بە دەم داڵغەوە مەچەمێوە» لەگەڵ « بۆ موزیک نەوییە سەریان»ی یەکەم و « بەسەر دوگمە زەردەکاندا ئەو خۆی دەنوشتێنێتەوە»ی دووەم، کە ئەم وێنەیە چەند جارێکی تریش لە هۆنراوەکانی تردا دووبارە دەبێتەوە.

[2] ئەستێرە شەرمنەکە: ڤینۆسە (ناهی/ زوهرە)، کە بە تەنیا لە بوولێڵدا دەردەکەوێت (مەیس ٢٧٢).

[3] جۆیس وشەی دێرین و هۆنراوەیی *ئیڤنتاید eventide*ی بە کار هێناوە، منیش لە بەرانبەریدا وشەی *شام*م بە کار هێنا، هەر وشەیەکی دێرین و هۆنراوەیی کوردییە بە واتای *ئێوارە*، وەک نالی دەڵێت:

شامی هەموو نەهار و، فوسوولی هەموو بەهار
تۆزی هەموو عەبیر و، بوخاری هەموو بوخوور

# ٥[1]

سەر دەرکە لە پەنجەرەوە،
ئەی پرچزێڕین،
گوێم لێتە کە
تۆ هەوایەکی شاد دەچڕیت.

پەڕتووکەکەم داخست ئیتر
ناخوێنمەوە،
لەسەر زەوی
تەماشای سەمای گڕ دەکەم.

پەڕتووکەکەمم بە جێ هێشت،
ژوورەکەشم هەر بە جێ هێشت،
چونکە لە تاریکیەکەدا
گوێم لێت بوو گۆرانی دەچڕیت.

هەوایەکی شاد دەچڕیت و
هەر دەیچڕیت.
سەر دەرکە لە پەنجەرەوە،
ئەی پرچزێڕین.

---

[1] لەگەڵ پێنج هۆنراوەی تردا لە کۆمەڵە دەستنووسێکی شقڵیوپقڵیی جیاوازدا هاتوون، وا دیارە لە نێوان ١٩٠٣-١٩٠٤ نووسرابێت. جۆیس دەڵێت کە لەگەڵ هۆنراوەی ٣دا وەک پێشەکی وان (مەیس ٢٧٢).

# ٦[1]

لەو باوەشە خۆشەدا بووام
(ئای کە هێندە خۆش و جوانە!)
ڕەشەبایەک لێی نەدەدام.
لە خەمناکیی کاتی دەستپێوەگرتندا[2]
لەو باوەشە خۆشەدا بووام.

هەمیشە لەو دڵەدا بووام
(ئای بە نەرمی لێم دەدا و دەپاڕامەوە!)
لەوێ لەوانە بوو تەنها ئاسوودەیی بەشم بووایە.
هەموو دەستپێوەگرتنەکان خۆشتر دەبوون
منیش هەر وا هەردەم لەناو ئەو دڵەدا.

---

[1] ئێڵمان (لا ١٦٥) دەڵێت کە ئەم هۆنراوەیە لە تەمموزی ١٩٠٤دا لە ڕۆژنامەیەکدا بە ناوی *ذە سپیکەر* بڵاو کراوەتەوە. لەوێ «خۆزگەیەک» ناونیشانەکەی بووە (مەیس ٢٧٢).
[2] **دەستپێوەگرتن**، بە ئینگلی *austerity*: بارێکە کە ئاستی ژیانی خەڵکان دەکەوێتە دژواری و دادەبەزێت بۆ بەکارهێنانی کەمترین شت. کاک ڕێبوار قاسم وشەکەی بۆم پێشنیار کرد.

# [1]٧

دڵدارەکەم لە نێو دارسێوەکاندایە و
جلێکی تەنکی[2] پۆشیوە،
هەر لەوێ شادەباکانیش[3] زۆر تامەزرۆن
وەک یاوەر و هاوشان ڕاکەن.

شادەباکان لەوێ هەر دەمێننەوە
بۆ خوازبێنیی گەڵای گەنج کە تێدەپەڕن،
دڵدارەکەشم بە خاوی دەڕوات و دەنوشتێتەوە
بۆ سێبەرەکەی خۆی لەسەر گژوگیاکە؛

بۆ ئەو جێیەی ئاسمان جامێک شینی کاڵە
بەسەر خاکی پێکەنیودا،
دڵدارەکەم هێواش دەڕوات،
کراسەکەی بە دەستی ناسکی هەڵدەکات.

---

[1] ئێلمان دەڵێت کە ئەم هۆنراوەیە لەژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئەوینی تازەهەڵچووی جۆیسدا نووسراوە بۆ نۆرا بارنیکل. جۆیس لە ئابی ١٩٠٤دا ئەم هۆنراوەیەی لە ڕۆژنامەیەکدا بە ناوی *دەینا*وە بڵاو کردووەتەوە و گینییەکی لە بەرانبەردا وەرگرتووە.

[2] ئەم وێنەیە لە هۆنراوەی *نووسینگە پیرۆزەکە*دا دووبارە دەبێتەوە. لە هۆنراوەی ٨دا بووە بە «جلێکی نایاب».

[3] **شادەبا**، هەر لەسەر داڕێژەی ڕەشەبا دامڕشتووە، بە واتای بای شاد و دڵخۆش.

# ٨

کێ دەچێتە نێو لێڕی سەوز
لەو کاتانەی تافی بەهار گشتی ڕازاندووەتەوە؟
کێ دەچێتە نێو لێڕی شادی سەوزەوە
بۆ ئەوەی شادتری بکات؟

کێ بە ناو تیرۆژدا دەڕوات
بەو ڕێیانەی دەنگی کزی هەنگاوەکان دەناسنەوە؟
کێ بە ناو تیرۆژی خۆشدا
بە تەرزێکی هێندە پاکیزەیی دەڕوات؟

ڕێی هەموو دارستانەکە
بە گرێکی زێڕین و نەرم دەزریوێنن -
داخۆ بۆ کێ دارستانی خۆرتێکەوتوو
جلێکی هێندە نایابی[1] هەڵگرتووە؟

ئای، ئەوە بۆ دڵدارە ڕاستینەکەمە
لێڕ پۆشاکی زەنگینی لە بەر کردووە –
ئای، ئەوە بۆ دڵداری ڕاستینەی خۆمە،
کە ئەوەندە گەنج و جوانە.

[1] جلێکی هێندە نایاب: ئەو وشەیەی لە بری *نایاب* وەرمگێڕاوە وشەی ئینگلیی *برەیڤ brave*ە، کە بە گوێرەی واتای سەردەم بەرانبەر *ئازا* و *دلێر* دەوەستێتەوە. بەڵام وا دیارە جۆیس بە واتا دێرینەکەی بە کاری هێناوە، کە ئەویش بە واتای *نایاب*، *سەرنجڕاکێش* دێت.

## ٩[1]

باکانی ئایار، لەسەر ڕووی دەریا کە هەڵدەپەڕن،
دەست لەناوی دەست ڕیزیان گرتووە و شاد هەڵدەپەڕن
دێراو بە دێراو، کاتێک کەف دەفڕێت
بە سەریانەوە تاکو گوڵبەندی لەسەر سەر بنرێت،
بە ناو هەوادا تاقی ڕەنگزیوین یەکیەک هەڵدەخەن،
لە هیچ جێگایەک ئەوینی ڕاستیی منت بینیوە؟
داخ و درێغا! داخ و درێغا!
داخ و درێغ بۆ باکانی ئایار!
ئەوین[2] خەمبارە لەو کاتانەدا کە ئەوین دوورە![3]

---

[1] ئالفرێد لۆرد تێنیسن (١٨٠٩-١٨٩٢) هۆنراوەیەکی لاوازی هاوشێوەی هەیە بە ناونیشانی *شاژنی ئایار*، یەکەم کۆپلەی هۆنراوەکە دەڵێت:

دەبێ زوو هەڵمبستێنی و بانگم بکەیت، زوو بانگم بکە دایە گیان؛
سبەینێ خۆشترین ڕۆژە لە ساڵە نوێ خۆشەکەدا،
لە هەر هەموو ساڵە تازە خۆشەکەدا، ئەی دایە گیان، شاگەشکانە و پڕکەیفترین ڕۆژی ساڵە؛
چونکە دەبم بە شاژنی ئایار، دایە، دەبم بە شاژنی ئایار.

**شاژنی ئایار**، بە ئینگلی *Queen of May*: بۆنەیەکە لە یەکەم ڕۆژی مانگی ئایاردا یاد دەکرێتەوە و کچان جلی شاژن دەپۆشن و ئاهەنگ دەگێڕن.

[2] لە دەقە ماکەکەدا پیتی یەکەم کراوە بە گەورە، ئەگەرچی لەبەرئەوەی لە سەرەتای ڕستەدایە دەبوو هەر کرابا بە گەورە، بەڵام وا دیارە لێرەش ئەوین بە کەس کراوە. بڕوانە دووەم پەڕاوێزی هۆنراوەی ١.

[3] جۆیس کە لە ساڵی ١٩٠٩دا لە دەبلن بوو ئەم دێڕەی لەسەر ملوانکەیەکی شەلفە بۆ نۆرا بارنیکل هەڵکۆڵیبوو (مەیس ٢٧٣).

# ١٠

کڵاوی بەبریسکە و بەن،
لەناو ئەشکەوت بەستە دەچڕێت:
دوام بکەون، دوام بکەون،
ئەی گشت ئەوانەی دڵدارن.
خەون بۆ خەونبینان جێ بێڵن
کە بە دوای ئێمە ناکەون،
ئەو گۆرانی و پێکەنینە
هەرگیز هیچ شت ناجووڵێنێت[1].

بە شریتی پەخشانیەوە
بوێرانەتر دەبێژێت؛
لەشکر لەشکر لای شانیەوە
هەنگی کێوی دەویزێنن.
ئینجا کاتی خەونبینین و
خەون تەواو –
وەکو دڵدار بۆ لای دڵدار،
ئازیز، وا دێم.

[1] ڕستەسازیی ئەم هۆنراوەیە زۆر تێکئاڵاوە، هەندێک جار وای لێ دێت کە زیاتر لە واتایەک بگەیەنێت و مەبەست زۆر ڕوون نامێنێت و نازانرێت ڕستەکە لە کوێدا تەواو دەبێت، بۆیە دەشێت وەرگێڕانەکەیشی بخاتە مەترسیی هەڵەوە. بە گوێرەی ڕستەسازییەکەی، وا لێی تێدەگەم: قەرەقۆزێکی نێر، وەک ئەوانەی سەردەمی شا ئەلیزابێث (١٥٣٣-١٦٠٣) و ئەوانەی ناو شانۆنامەکانی شێکسپیر (١٥٦٤-١٦١٦)، کە لە کۆشکی شاکاندا هەبوون و گاڵتەوگەپیان ساز کردووە، بە جلوبەرگی ئاڵوواڵا و بریقەدارەوە، کە شریت و بەن لە خۆ دەئاڵێنن و بە سەر لەشیاندا پەخشان دەبێت و کڵاوی بریسکەدار لە سەر دەکەن، لەناو تاریکایی ئەشکەوتێکدا گۆرانییەک دەبێژێت، لە گۆرانییەکەدا دەڵێت: «ئەی هەموو ئەوانەی دڵداری دەکەن، وەرن دوای من بکەون و خەون بۆ خەونبینەکان بە جێ بهێڵن». دەشێت دێڕەکانی ٦ و ٧ و ٨ بە سێ شێوە واتا بکرێن: **یەکەم**: ئەو خەونبینانە بە دوای مندا نایەن و ئەو گۆرانی و پێکەنینەی ئێمە بە هیچ جۆرێک ئەوان ناجووڵێنێت؛ **دووەم**: ئەو خەونبینانە لە پاش ئەو گۆرانی و پێکەنینەمان هیچ ناجووڵێن، چونکە نوستوون؛ **سێیەم**: خەونبینەکان بە دواماندا نایەن، چونکە گۆرانی و پێکەنین و خەیاڵی ناو خەون هیچ شتێک ناجووڵێنێت. بە گشتی: ئەم بەستەیە داوا دەکات کۆتایی بە سەردەمی خەونبینین و خەیاڵ بهێنرێت و خۆشەویستی بگاتە کردار.

# ١١[1]

ماڵئاوایی ماڵئاوایی ماڵئاوایی،
ماڵئاوایی لە سەردەمی کچێنیت کە،
ئەوینی[2] دڵخۆش هاتووە
بۆ خوازبێنیی خۆت و شێوەی کچانەییت –
ئەو پشتێنەی جوانی کردوویت،
ئەو پرچبەستەی قژی زەردت،

کە ناویت بیست
لەسەر شەیپووری کەڕوبان[3]
تۆش سنگی کچانەی خۆتی
بە هێواشی بۆ بکەوە
هەروەها پرچبەستەکەشت بە هێواشی،
کە نیشانەی کچێنییە.

---

[1] دەستنووسی هۆنراوەکە لە زانکۆی یەیڵە، لەسەری نووسراوە ١٨ی ئەیلوولی ١٩٠٤. بەڵام لەوانەیە ئەوە پاکنووسێک بێت لەسەر دەستنووسێکی کۆنتر. جۆیس بە تایبەتی زۆر حەزی لەم هۆنراوەیەیان بووە و موزیکی بۆی داناوە و کردوویەتی بە گۆرانی. (مەیس ٢٧٤). لە نامەیەکدا کە لە ٧ی شوباتی ١٩٠٥دا بۆ ستانیسلاوسی برای نووسیوە، جۆیس دەڵێت کە ئەم هۆنراوەیەی بۆ گۆڤاری *هارپەرس* ناردووە، بەڵام گەڕێنراوەتەوە. (ئێڵمان ١٩١).
جۆیس لە نامەیەکدا، کە لە ٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٠٤دا بۆ ستانیسلاوسی برای ناردووە، بەم هۆنراوەیە دەڵێت «گۆرانییە دزێوەکەم»:

ئەرێ هەرگیز دەینا دەبینیت و ئایا گۆرانییە دزێوەکەم «ماڵئاوایی کە»یان لە چاپ داوە؟

[2] ئەوین بە کەس کراوە، بڕوانە دووەم پەڕاوێزی هۆنراوەی ١.

[3] *شەیپوور* ئامێرێکی موزیکیی هەوایی مسییە و بۆ بانگەوازکردن بە کار هێنراوە. کەڕوب بە واتای فریشتە هاتووە، بڕوانە پەیدابوون ٣: ٢٤.

## ١٢[1]

مانگی پۆشراو چ ڕاوێژێکی لە ناخی
دڵت دانا، ئەی شیرینە شەرمنەکەم،
لەسەر ئەوین[2] لە تافی هەلابی[3] دێرین،
کە وا شکۆ و ئەستێرەکان لە ژێر پێیدان –
ژیرێک کە هەم خزم و خوێشە و
کاپوچینیە جەفەنگیەکە[4]؟

---

[1] ئێڵمان (لا ١٦٥) دەڵێت لە ساڵی ١٩٠٤دا جۆن بەیلی، کە سەرنووسەری ساڵنامەی *ذە ڤێنچەر* بووە، داوای لە جۆیس کردووە هۆنراوەیەکی بۆ بنێرێت تا بڵاوی بکاتەوە، جۆیس ئەم هۆنراوەیە و هۆنراوەی ٢٦ی پێکەوە بۆی ناردووە بە ناونیشانی «دوو گۆرانی»، واتە ئەمیان گۆرانیی یەکەمە و ٢٦ گۆرانیی دووەمە و هەردووکیان لە ساڵنامەی ناوبراودا لە ساڵی ١٩٠٥دا بڵاو کراونەتەوە.
شەوێکی ساڵی ١٩٠٤ جۆیس لەگەڵ ماری شیهی و هەندێک هاوڕێی تردا چوونەتە سەر گردێکی شاری دەبلن و مانگ هەڵهاتووە. ستانیسلاوسی برای جۆیس دەڵێت کە ماری نیگای لە مانگی ڕەنگپەمەیی کاڵی هەڵهاتوو گرتووە کە بە خەرمانەیەکەوە هەڵهاتووە و مانگ لەناو ئەو خەرمانەیەدا فرمێسکاوی دیار بوو. جۆیسیش وەک جیاگرێکی گاڵتەباز ئەمەی بە کار هێناوە و دەڵێت: «مانگ لە دەموچاوێکی پانی بەکڵاوداپۆشراوی کاپوچینییەکی قەڵەوی کەیفساز چووە». پاش ئەوەی یەکتریان بە جێ هێشتووە، جۆیس لەسەر قتووی جگەرەیەک ئەم هۆنراوەیەی نووسیوە. لە ڕۆمانی *ستیفنی پاڵەوان*دا، هەر لە نووسینی جۆیس، کەسێتییەکی لاوەکیی تێدایە بە ناوی *بابە [سەرۆکرەبەنگا] گاردیان*، کە پیاوێکی قەڵەوی بەتەمەنی و خۆشسروشتە. وا دیارە «مانگی پۆشراو» بەم پیاوە چووێنراوە، کە ئامۆژگاریی خەڵکان بەوە دەکات داوێنپاک بن و خۆشەویستیی کردارەکی هەڵنەبژێرن، کە ئەمە پەیامە «ئاسمانی»یەکەیە و هۆنەر لێرەدا پەیامێکی زەمینیی هەیە کە دوو چاوی خاڵمی بەردەنگی ئەم هۆنراوەیە چاوانی لە هی مانگ، هەم بە واتا دونیاییەکەی، هەم بە واتا دینییەکەی، کە هێمایە بۆ قەشە، درەوشاوەترە. دواتریش دەڵێت: «شکۆ و ئەستێرەکان لەژێر پێیدان» کە لە دەقە ماکەکەدا ئاماژەی ئەو بە ئەوی نێرە. لە زمانی ئینگلیدا مانگ جێندەری نییە، بەڵام لە لاتینیدا مانگ مێیە و خۆر نێرە، بەڵام لە جەرمانیدا مانگ نێرە و خۆر مێیە. لێرەدا مانگی پۆشراوی ئاسمانی بە نێر چووێنراوە و شکۆ و ئەستێرەکان لەژێر پێیدان.

[2] ئەوین بە کەس کراوە، بڕوانە دووەم پەڕاوێزی هۆنراوەی ١.

[3] **هەلاب:** مانگی چواردە، مانگی پڕ.

[4] کاپوچینییەکان کۆمەڵەیەکی برایانی کاسۆلیکی فڕانسیسکاییەکان بوون، کە لە ساڵی ١٥٢٠دا دامەزراون. ناوەکەیان لە *کاپوچۆوە* هاتووە، کە ئەویش لە *کاپای* لاتینییەوە هاتووە بە واتای کەوا. ئەم کۆمەڵەیە کەوایەکی قاوەیی لە بەر دەکەن و کەمەریان بە بەنێکی سپی دەبەستن. لێرەدا وا دیارە کاپوچینییە جەفەنگییەکە ئاماژە بێت بە کەسێتییەک کە لە *ستیفنی پاڵەوان*دا هەیە، لەوێ ناوی *بابە مۆران*ە، لە کڵێسای

بڕوام پێ کە، کەمێک دانام
با چش بێ لە ئاسمانیەکە،
شکۆیەک لەو چاوانەدا بڵێسەی دێت،
تا ڕۆشنایی ئەستێرەکان هەڵدەلەرزێت. ئەی یاری خۆم، ئەی یاری خۆم!
چیتر تەڕایی و فرمێسک لە مانگ نابێت
بۆ تۆ ئەی بەسۆزی[1] شیرین.

---

فڕانسیسکاییەکانە و «قژی لوولی ڕەشە و دوو چاوی دەربڕی ڕەشی هەیە. ئەم قەشە گەنجە پیانۆژەن بوو و گۆرانیی بەسۆزی دەبێژا و لەبەر زۆر هۆکار دڵخوازێکی گەورەی خانمان بوو»، بابە مۆران گۆرانیبێژی چینی تینۆرە، ستیفن دێدەلس چەند جارێک کچە دڵخوازەکەی خۆی لەگەڵ ئەم بابە مۆرانەدا دەبینێت و هەستی دڵپیسیی لا دروست دەکات. کچە دڵخوازەکەی ستیفن ناوی ئێما کلێرییە.
دەشێت، ئەگەرچی کەمتر، کە ئەم دوو دێڕە بەم شێوەیەش وەربگێڕرێت: «ژیرێک کە هەم خزم و خوێشە **یان** کاپوچینییە جەفەنگییەکە؟» بەو واتایەی ئایا مانگی پۆشراو، لەو کاتەدا ژیرەکە هەمان «دانا»کەی کۆپلەی دواتر بێت، کە لەبەر هەر هۆیەک بێت خزم و خوێشی کچەکەیە، یان بابە مۆران هەڵببژێرێت، کە قەشە گەنجە کاپوچینییە جەفەنگییەکەیە؟
[1] ستیفن دێدەلس لە ئەڵقەی نۆیەمی *ئولیس*دا بەم شێوەیە پێناسەی «بەسۆز» دەکات: «بەسۆز کەسێکە بێ ئەوەی خۆی تووشی قەرزاریی گەورە بکات چێژ لە کارێکی کراو دەبینێت».

# ١٣

به تۆرەوە بە ڕێ بکەوە و بۆی بگەڕێ و
پێی بڵێ دێم،
ئەی بای بەرامەی هەزبێلە، کە بەستەت هەر
بەسەر هاوسەرگیریدایە.
ئای، خێراکە بەسەر خاکە تارەکان و
بەسەر دەریاشدا ڕابکە،
چونکە نە وشکانی و دەریا لە یەک ناکەن
من و خۆشەویستەکەی خۆم.

ئێستا ئەی با، لە تۆرەی بەرز و چاکی خۆت
تکات لێ دەکەم کە بڕۆیت،
بچۆ ناو باخچە گچکەکەی
لەبەر پەنجەرەکەی ئەودا بەستەت بێژە؛
بچریکێنە: بادی بووکێنی هەڵیکرد
چونکە ئەوین[1] لە تافی نیوەڕۆیدایە[2]؛
بەم زووانە خۆشەویستە ڕاستینەکەت لەگەڵت'ەبێت،
بەم زووانە، ئای، بەم زوانە.

---

[1] ئەوین بە کەس کراوە، بڕوانە دووەم پەراوێزی هۆنراوەی ١.
[2] پێچەوانەی «تافی هەلابی دێرین»ی هۆنراوەی ١٢یە (مەیس ٢٧٥).

# ١٤

ئەی کۆترەکەم، نازدارەکەم،
ڕابە، ڕابە!
شەونم لەسەر
لێو و چاومە.

با بۆنخۆشەکان موزیکێک
لە ئاخهەڵکێشان دەتەنن:
ڕابە، ڕابە،
ئەی کۆترەکەم، نازدارەکەم!

لای دارکونارەکانەوە چاوەڕوانم،
ئەی خوشکەکەم، ئەوینەکەم،
سنگی سپیی کۆترەکە،
سنگم بۆت دەبێتە لانکە.

شەونمی بێڕەنگ و سازگار
وەک تارایەک لەسەر سەرم ڕاکشاوە
یاری جوانم، کۆتری جوانم،
ڕابە، ڕابە!

# ١٥[1]

[1] ستانیسلاوسی برای جۆیس پێی وایە کە ئەم هۆنراوەیە لە ئێپیفانیی ژمارە ١٥ی جۆیسەوە پەرەی پێ درابێت کە دەڵێت:

> ئەو لە شەودا دێت کە دونیا کش و بێدەنگە؛ بە نادیاری، بە بێدەنگی، بێ ئەوەی بانگ کرابێت. لە تەختە دێرینەکەیەوە دێت تا سەردانی کەمترینی منداڵەکانی بکات، دایکێکی زۆر بەڕێز، وەک ئەوەی کوڕە هەرگیز بە ئەو نامۆ نەبووبێت. ئەو [دایکە] لە ناخی دڵ تێدەگات؛ بۆیە نەرمونیانە، بێ هیچ زۆرلەخۆکردنێک؛ دەڵێت، لە ئاست گۆڕاندا خۆنەگرم، کاریگەرییەکی وێنایی لە دڵی منداڵەکانمدا. کاتێک لە نێو خەڵکی بێگانەدا خەمباریت، کێ بەزەیی پێتدا دێتەوە؟ ساڵ بە ساڵ هەر خۆشم دەویستیت کاتێک لە منداڵدانمدا ڕاکشابوویت.

نووسینی ئەم ئێپیفانییە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٠٢ و ١٩٠٣ کە جۆیس لە پاریس بوو. . جۆیس لە ٣١ی ئابی ١٩٠٤دا ئەم هۆنراوەیەی تەواو کردبوو.

**ئێپیفانی**: بە ئینگلی *epiphany*: لە بنەچەدا وشەیەکی گریکییە، بە واتای *دەرخستن* یان *ئاشکراکردن* دێت. لە زمانی ئینگلیدا دوو واتای هەیە، ئەوانیش ١. لە دینی مەسیحیدا یادکردنەوەیەکە لە ٦ی کانوونی دووەمی هەموو ساڵێکدا دەگێڕرێت، یادی ئەو سێ موغە زەردەشتییانەیە کە لە شەوی دوانزەیەمی لەدایکبوونی عیسادا لە خۆرهەڵاتەوە هاتن بۆ بێتلەحم و پێشبینیی ئەوەیان کرد کە ئەم منداڵە دەبێتە پاشا و خودا ناردوویەتی. لێرەدا دەرخستن و ئاشکراکردنەکە دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی خودا لەسەر زەوی کە دەردەکەوێت و ئاشکرا دەبێت. ٢. ئێپیفانی ساتی دەرکەوتنی چەند ڕاستییەکە.

جەیمس جۆیس لە ڕۆمانی *ستیفنی پاڵەوان*دا، کە ڕەشنووسی یەکەمی ڕۆمانی *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا* بوو، پێناسەیەکی دیاریکراوی ئەم وشەیە دەکات و دەڵێت: «ئەم بێبایەخییە وای لێ کرد بیر لە کۆکردنەوەی چەند ساتێکی وەها بکاتەوە و لە پەڕتووکێکی ئێپیفانییەکاندا بیاننووسێتەوە. مەبەستی ئەو لە ئێپیفانی: ئاشکرابوون یان دەرکەوتنێکی لەناکاوی گیانییە {ڕۆحییە}، ئیتر ئەم ئاشکرابوون و دەرکەوتنە لە ڕەشۆکێتیی قسەکردندا بێت یان لە جووڵەی لەشدا بێت یان لە دۆخێکی فەرامۆشنەکراوی مێشکیشدا بێت. باوەڕی وا بوو کە دەبێت وێژەوان ئەم ئێپیفانییانە بەوپەڕی وریاییەوە تۆمار بکات، بەو پێیەی ناسکترین و زووبەسەرچووترین ساتەکانن. بە کرانلیی وت کە کاتژمێرەکەی سەر نووسینگەی باڵاست توانای ئێپیفانیی هەیە» کەمێک دوای ئەوە دەڵێت: «تەماشاکردنەکانی من لەو کاتژمێرە وەک پەلکوتانێکی چاوی گیان وێنا بکە کە چاوی گیان بە پەلکوتان بە دوای شوێنێکدا دەگەڕێت تیشکۆی تەواوی خۆی لەسەر جێگیر بکات {تیشکۆ بە واتای *فۆکەس-تەرکیز* دێت}. ئەو چرکەیەی تیشکۆ دەگاتە سەر شتەکە، ئەو ساتە ئێپیفانییە» واتە کاتێک تۆ تەماشای شتێک دەکەیت، تا تیشکۆی چاوت لەسەر شتەکە جێگیر نەبێت ئێپیفانی ڕووی نەداوە. جۆیس بە درێژی باسی ئەم زاراوەیە دەکات. ئێپیفانی هێمای دۆخێکی گیانییە. لە ڕۆمانی *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا* ئەم ڕەگەزەی تیۆریی جوانیناسی لابراوە. بەڵام زانینی ئەمە بۆ تێگەیشتن لە جۆیس وەک هونەرمەندێک ئێجگار گرنگە. بەڵام کە جۆیس باس لەم ئەزموونە دەکات، مەبەستی ئەوە نییە کە دۆزینەوەی بۆئاشکرابوونەکە لە خۆیەوە دەبێت. زۆرێک لە نووسەران، بە تایبەت

گیانەکەم، ڕابە لە خەونی شەونماوی،
لە مردن و خەوی قووڵی خۆشەویستی،
چون بڕوانە! درەختەکان پڕن لە ئاخ
کە وا بەیان گەڵاکانیان بە هۆش دێنێت.

وا سپێدە بەرەبەرە سەردەکەوێت
بەسەر ڕۆهاتدا[1] کە لەوێ ئاگری گڕهێدی[2] دیارە،
کە گشت ئەو تارا بۆرانە و
ئەو کرێشە زێڕینانە دەلەرزێنێت[3].

کاتێک بە نەرمی و ئەسپایی و بە نهێنی
زەنگی گوڵینی بەیانی دەخرۆشێن،
کۆڕەکانی[4] دانایانی پەریستانیش[5]
(بە بێ شومار!) دەست پێ دەکەن و دەبیسترێن.

---

ڕەبەنەکان و هۆنەرە دینییەکان، ئەزموونی خۆیانیان لە ڕێی ئێپیفانییەوە دەربڕیوە. {بڕوانە *فەرهەنگی تیۆر و زاراوە وێژەییەکان* لا ٢٤٤}.

جۆیس پێی وایە کە ئێپیفانی، کە «ئاشکرابوون یان دەرکەوتنێکی لەناکاوی گیانییە»، وا دەکات لە چاوی بینەرێکدا «چییەتی»ی شتێکی ئاسایی یان لە جووڵەکانیدا بدرەوشێتەوە و ڕوون ببێتەوە. {بڕوانە *فەرهەنگی ئۆکسفۆردی زاراوە وێژەییەکان*، لا ١٢١}.

لە ساڵی ١٩٥٦دا و دوای مردنی جۆیس، زانکۆی بەفەڵۆ ئەم ئێپیفانییانەی جۆیسیان بە سەربەخۆ لە نامیلکەیەکدا بڵاو کردەوە، کە منیش ئێپیفانیی ژمارە ١٥م لەوێوە وەرگێڕاوە. لە ئێستادا و لە هونەری نووسینی فیلمنامەدا ئێپیفانی ساتی ئاشکرابوونی ڕووداوەکان و کردنەوەی گرێ درامییەکانە و دەکەوێتە پێش کۆتایی چیرۆکەکەوە. ئەو شوێنەیە کە بینەر تێدەگات بۆچی ڕووداوەکان بەو شێوەیە ڕوویان داوە کە پێشتر خراونەتە ڕوو. بڕوانە *فیلمنامەنووسین بۆ حەپۆلان* لا ١٠٩.

[1] ڕۆهات: خۆرهەڵات.

[2] گڕهێدی: گڕی هێواش، لەسەرخۆ.

[3] تارای بۆر و کرێشەی زێڕین: ڕەنگە مەبەستی لە تەونی تێکئاڵاوی ئەستووری جاڵجاڵۆکە بێت لەسەر گەڵا و سەوزایی بەیانی.

[4] کۆڕ: مەبەستی کۆڕی گۆرانیبێژانە، ئەوەی هەندێک جار پێی دەوترێت «کۆرس».

[5] پەریستان: خاکی پەرییان، نیشتمانی پەری.

# ١٦

ئای دۆڵەکە وا ئێستەکانێ فێنکە
جا ئازیز، دەچین بۆ ئەوێ.
چونکە ئێستا زۆر کوڕ گۆرانی دەبێژن
لە ئەو جێیەی ئەوین هەندێک جار بۆی چووە.
گوێت لێ نییە وا بۆقژەکان[1] بانگ دەکەن،
بانگی ئێمە دەکەن بڕۆین؟
ئای دۆڵەکە فێنک و خۆشە
جا ئازیزم، لەوێندەر دەمێنینەوە.

[1] بۆقژە: باڵندەیەکی تا ڕادەیەک بچکۆلەیە، پشتی قاوەییە و سنگی خاڵخاڵە.

# ١٧[1]

[1] ئێلمان (لا. ١٧٤، ١٧٥) پێی وایە کە ئەم هۆنراوەیە و هۆنراوەی ٢١ لە ساڵی ١٩٠٤دا و لەو کاتەدا نووسراون کە جۆیس نۆرا بارنیکلی ناسیوە. ئەوەکەی دێڕی دووەمیش، کە لە دەقە ماکەکەدا ئەوی نێرە، هەر بە ڕای ئێلمان، ڕەنگە ئاماژە بێت بە ئۆلیڤەر سانت جۆن گۆگەرتی، کە لە *ئولیس*دا ناوی *مەلاخی (بەک) مەڵیگن*ە و لە یەکەم دێڕەکانی ئەڵقەی یەکەمی ڕۆمانی ناوبراودا دەیناسین. ڤیڤیەن ئیگۆ لە پەڕتووکی *کەسێتییە ڕاستینەکانی ئولیسی جۆیس*دا لە بارەی ئۆلیڤەر سانت جۆن گۆگەرتییەوە دەڵێت:

> کەسێتیی مەلاخی بەک مەڵیگن لەسەر نموونەی هاوڕێیەکی جەیمس جۆیس دروست کراوە بە ناوی *ئۆلیڤەر سانت جۆن گۆگەرتی*یەوە، (١٨٧٨-١٩٥٧)، لە شاری دەبلنی پایتەختی ئایرلاند لە دایک بووە، دایکی ناوی *مارگەرێت ئۆلیڤەر گۆگەرتی*یە و باوکی ناوی دکتۆر *هێنری گۆگەرتی*یە، خۆی کوڕە گەورەی سێ برا و خوشکێکە. لە قوتابخانەی برایانی مەسیحیی شەقامی ڕیچمندی باکوور و چەند قوتابخانەیەکی ناوخۆیی یەشوعییش خوێندوویەتی، لەوانە *مەنگرێت* لە کاونتیی لیمریک و *ستەونیهەرست* کۆلێج لە ئینگلتەرا و کڵەنگەوز ود کۆلیج...تد. پێش ئەوەی لە کۆلێجی ترینیتی دەبلن بخوێنێت، چووەتە کۆلێجی پزیشکیی کاسۆلیکیەوە لە شەقامی سێسیلیا. یاریی کریکێتی کردووە، هەروەها بووەتە پاڵەوانی پاسکیلسواریی ئایرلاند. لە ڕووی ئەکادیمییەوە گەلێک بلیمەت بووە و زیرەکییەکی تیژی زگماکیی هەبووە و سێ جاران لە زمانی ئینگلیدا خەڵاتی باڵای وەرگرتووە. لە کانوونی دووەمی ١٩٠٤دا تا حوزەیرانی هەمان ساڵ لە کۆلێجی ترینیتی دابڕاوە و چووەتە وێرستەر کۆلێج لە ئۆکسفۆرد و لەوێ خوێندوویەتی تا خەڵاتی *نیودایگەیت*ی هۆنراوە بە دەست بهێنێت، بەڵام دووەم بووە. هاتوچۆی کۆمەڵەی گەیلییەکانی ئۆکسفۆردی کردووە و لێرە ترێنچی ناسیوە، کە کەسێتیی هاینسی ڕۆمانی *ئولیس*ی لەسەر بونیاد نراوە. لە تەممووزی ١٩٠٤دا قەڵای مارتێللۆی بە کرێ گرتووە، ئەگەرچی خۆی دەڵێت کە جۆیس کرێکەی بۆ داوە، بەڵام لە دۆسێ ڕەسمییەکاندا بە ناوی گۆگەرتییەوە تۆمار کراوە کە کرێی ساڵانەکەی داوە کە ٨ پاوەن بووە. گۆگەرتی مەلەوانێکی زۆر بەتوانا بووە و ڕۆژانە چەند جارێک لە فۆرتیفووتی نزیک قەڵاکە مەلەی کردووە. لە ساڵی ١٩٠٦دا کچێکی خواستووە بە ناوی *مارثا دوەین*ەوە. ساڵی دواتریش لە کۆلێجی ترینیتی دەرچووە و چووە بۆ ڤیەننا لە نەمسا تا بڕوانامەی پسپۆڕی و بۆرد لە بواری نەشتەرگەریی قوڕگ و لووت و گوێدا بە دەست بهێنێت. لە ساڵی ١٩٢٣دا بووە بە سیناتۆری وڵاتی ئایرلاندی ئازاد. لە ساڵی ١٩٣٩دا چووە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و جگە لە چەند سەردانێک زیاتر، ئیتر بۆ ئایرلاند نەگەڕاوەتەوە. چەند بەرهەمێکی نووسیوە، لەوانە ڕۆمان و ژیاننامەی خۆی و بڵاوی کردوونەتەوە. لە ٢٢ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٥٧دا لە نەخۆشخانەی بێث دەیڤد لە نیو یۆرک کۆچی دوایی کردووە. لاشەکەی هێنراوەتەوە بۆ ئایرلاند و لە گۆڕستانی بالینەکیل لە کۆنیمارا نێژراوە.

سام سڵەوت لە بارەی هاوڕێیەتیی جۆیس و گۆگەرتییەوە دەڵێت:

> یەکناسینەکەیان ئەوەندەی دوژمنایەتی بووە، ئەوەندە هاوڕێیەتی نەبووە. هەردووکیان ئارەزووی پیشەی پزیشکییان کردووە و هەردووکیشیان خولیای نووسینیان هەبووە. لە ئەیلوولی ١٩٠٤دا جۆیس و گۆگەرتی و ساموێل ترێنچ بۆ ماوەی کەمتر لە حەفتەیەک پێکەوە لە قەڵای مارتێللۆدا ژیاون.

چونکە دەنگی تۆ لە تەکمدا بوو
ئەوم ئازار دا،
چونکە دەستی تۆم لەناو دەستمدا
توند توند گرتبوو.

وتە و هێمایەک نییە بتوانێت
نێوانمان چاک کا –
ئەو لە ئێستادا بۆ من نامۆیە
جاران هاوڕێم بوو.

---

گۆگەرتی نووسیویەتی کە ترێنچ، واتا هاینسی *ئولیس*، کە لە قەڵاکە لایان میوان بووە، مۆتەکەیەکی بە پڵنگێکی ڕەشەوە دیوە و ڕابووە و هێشتا خەو بەرینەداوە، بە تفەنگەکەی فیشەکێکی بە نزیکی جۆیسدا تەقاندووە، کە لە خەیاڵی خۆیدا پڵنگەکە لەوێوە هاتووە. گۆگەرتیش وتوویەتی: «بێنە من باشتر دەتوانم پێوەی بنێم» و تفەنگەکەی لێ وەرگرتووە و ئەمیش بۆ ڕابواردن فیشەکێکی بە سەروو سەری جۆیسدا تەقاندووە. ئەمە جۆیسی ئێجگار تووڕە کردووە و هەر بۆ بەیانی بە جێی هێشتوون. هەمان باس لە لاپەڕە ١٧٥ی پەڕتووکەکەی ئێڵمانیشدا باس کراوە.

# ١٨[1]

ئای ئازیزم، گوێ بگرە بۆ
چیرۆکی خۆشەویستیەکەت؛
پەژارە پیاو داگیر دەکات
کە هاوڕێ دەسخەڕۆی دەکات.

چونکە ئەو کاتە دەزانێت
دەشێت هاوڕێ بێوەفا بێت
وشەکانیشیان دەبنە
باپوسکە و تۆز.

بەڵام یەکێک
بە هێواشی بۆی دەجووڵێت
هێواشیش لەسەر ڕێی[2] ئەوین
دڵی دەبات.

دەستی لەژێر
سنگی نەرم و خڕی ئەوە؛
جا ئەوەی پەژارەی هەبێت
ئۆخژنی دێت.

---

[1] یەکەم جار لە ساڵی ١٩٠٤ لە گۆڤاری سپیکەردا بڵاو کراوەتەوە.

[2] دەکرێت بە «لە بواری خۆشەویستیدا»ش وەربگێڕرێت. لە دوایین دێڕی هۆنراوەی ٣٠دا ڕێی خۆشەویستی دێتەوە، بۆیە لێرەش هەر بە ڕێ وەرمگێڕا.

# ١٩[1]

خەمبار مەبە چون گشت پیاوان
هەرایەکی درۆیینەی[2] بەردەمی تۆیان گەرەکە:
ئازیز، دیسان ئارام بەوە –
مەگەر لە توانایاندایە ئابرووت ببەن؟

خۆیان لە گشت فرمێسکەکان خەمبارترن؛
وەکو ئاخێکی نەبڕاوە ژیانیان هەردەم هەڵدەچێت.
وەڵامی فرمێسکەکانیان شانازانە پێ بدەوە:
چۆن نکۆڵی لە تۆ دەکەن، تۆش نکۆڵییان لێ بکە[3].

---

[1] ڕەنگە جۆیس ئەم هۆنراوەیەی بۆ نۆرا بارنیکل نووسیبێت لە بەرانبەر قسەی خەڵکی دەبلن لەسەر پەیوەندییەکەیان و لەسەر قسەیەکی هەڵبەستراو بۆ نۆرا، چونکە نۆرا خەڵکی گۆڵوەی بووە و لە دەبلن ژیاوە و لە میوانخانەیەکی ئەو شارە بە ناوی میوانخانەی فین کاری کردووە.

[2] ئەم وشەیەی ئێرە لە دەقە ماکەکەدا وشەی *لاینگ* *lying*ە، کە هەم بە واتای *درۆیینە* دێت و هەم بە واتای *ڕاکشاو*یش دێت، لەو کاتەدا هەراکە دەبێتە *هەرایەکی ڕاکشاو*، کە وەکو فەرش لە پیش پێی خانمەکەدا ڕادەخرێت و خەڵکان ئەو هەرایەیان دەوێت.

[3] جۆیس ئەم دێڕەی بە چوار وشە بڕاندووەتەوە، کە دووانیان ڕەگەزدۆزیی تەواون لەگەڵ یەک:

As they deny, deny.

دەشێت بە واتای ئەوەش بێت: «گەر ئەوان نکۆڵی دەکەن، با نکۆڵی بکەن!» وەک بڵێیت چاویان دەرهات، با حاشا و نکۆڵی بکەن؛ یان دەشێت بەم شێوەیەش واتا بکرێت: «وەک ئەوان: نکۆڵییان لێ بکە، نکۆڵییان لێ بکە». دەشێت دەنگدانەوەیەکی *کتێبی پیرۆز*یشی تێدا بێت، بە نموونە نکۆڵیکردنی پەترۆس لە عیسا، بڕوانە (مەتا ٢٦: ٣٤-٧٥) (مەرقۆس ١٤: ٢٧-٧٢)، (لۆقا ٢٢: ٥٤-٦٢)، (یۆحەنا ١٨: ١٥-٢٧).

# ٢٠

دەمەوێت لە نێو دارسنەوبەرە تاریکەکەدا
ئێمە ڕابکشێین،
لە نێو سێبەری فێنکی تاردا
لە نیوەڕۆدا.

وەی چەندە خۆشە ڕاکشان لەوێ،
هەر ماڵی ماچە،
کە دارستانی گەورەی سنەوبەر
چواردەورمان بگرێت!

ماچی تۆ خۆشتر
دەهاتە خوارێ
لەگەڵ پشێویی
هێواشی قژت.

دەی سا نیوەڕۆ
لەگەڵم وەرە
ئازیزی شیرین، دوور بکەوینەوە،
بچینە ناو ئەو دارسنەوبەرە.

# ٢١[1]

ئەوەی شکۆی ون کردبێت،
گیانێکیش نەدۆزێتەوە تا هاوڕێی بێت[2]،
لە نێو دوژمنەکانیدا لە نێو قین و بێڕێزیدا
ئەو بەرزە یاوەرنەدارە[3]
ڕەسەنێتیی کۆن و دێرین دەپارێزێت[4] –
ئەوینەکەی یاوەریەتی[5].

[1] ئێلمان دەڵێت کە ئەم هۆنراوەیە لە دەوروبەری ئەیلوولی ١٩٠٤دا نووسراوە و پێی وایە یەکێکە لەو هۆنراوانەی ڕاستەوخۆ لە دژی ئۆلیڤەر سانت جۆن گۆگەرتی نووسراوە، بۆ گۆگەرتی بڕوانە پەراوێزی هۆنراوەی ١٧. جۆیس دەستنووسێکی ئەم هۆنراوەیەی بە دیاری داوە بە سی پی کیورانی هاوڕێی و لە سەرەوەی ئەم دەستنووسەدا نووسراوە: «بۆ نۆرا، ٣٠ی ئەیلوولی ١٩٠٤».

[2] بە واتایەکی تر: ئەوەی شکۆی لە دەست دابێت و کەسێکیشی دەست نەکەوێت هاوڕێیەتیی بکات. لە دەقە ماکەکەدا دوو دژواتای *لۆست lost* و *فاوند found* دانراوە، ئەگەرچی لێرەدا شیاوترە *لۆست* بە *لەدەستدان* وەرگێڕابایە، بەڵام لەبەر هێشتنەوەی دژواتاییەکە لە کوردییەکەشدا کردم بە ونکردن و نەدۆزینەوە. جۆیس وشەی سۆڵ soulی بە کار هێناوە، کە شیاوتر بوو بە کەس وەرمگێڕابایە، بەڵام لەبەرئەوەی هەندێک لە سەرنجدەرانی ئەم دیوانەی جۆیس وشەی ناوبراویان لەگەڵ بەکارهێنانەکانی تریدا لە هۆنراوەکانی ١٥ و ٢٢دا وابەست کردووە، بۆیە هەمان وشەم لە کوردییەکەدا دانایەوە.

[3] بەرز: میتافۆڕە بۆ ئەو *کەسە بەرزە*؛ یاوەرنەدار: کەسێکە کە یاوەری نەکرێت، یان هاوڕێیەتی نەکرێت، یان نەتوانرێت هاوڕێیەتی بکرێت. جۆیس لە دەقە ماکەکەدا وشەیەکی بۆی داڕشتووە و وا دیارە بەرهەمی خۆی بێت. لەوانەیە ئەم کەسە بەرزە یاوەرنەدارە جۆیس خۆی بێت کە خۆشەویستەکەی خۆی یاوەریەتی.

[4] ئەم دوو دێڕی پێنجەم و شەشەمە لە دەقە ماکەکەدا پاشوپێشن، لەبەر ڕستەسازیی کوردی هەڵمگەڕاندنەوە، ئەگینا خۆی دەڵێت: «ڕەسەنێتیی کۆن و دێرین دەپارێزێت ئەو بەرزە یاوەرنەدارە».

[5] یان: خۆشەویستەکەی یاوەریەتی. ئەم دێڕە زۆر ڕوون نییە کە ئایا ئەوینەکە، یان خۆشەویستەکە، مەبەست لە هەستی خۆشەویتیی کەسەکە خۆیەتی، یان مەبەست لە یارەکەیەتی. ڤینسنت کۆسگرەیڤ، کە هاوڕێیەکی جۆیسە و لە *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا* و *ئولیس*دا ناوی *لینچ*ە، دوای خوێندنەوەی ئەم هۆنراوەیە بە نۆرای وتووە: «یاوەرەکەی جۆیس». ئەوەی هەیە لەم هۆنراوەیەدا، وەک هۆنراوەکانی تر، *ئەوین* بە پیتی گەورە نەنووسراوە، واتە بە کەس نەکراوە.

# ٢٢

ئازیزەکەم، بۆ ئەو زیندانە زۆر خۆشە،
گیانەکەی من زۆر پەرۆشە –
باسکی ناسک من لە بۆ کۆڵدان دەخوازن
یان بۆ بەندکردن دەمخوازن.
ئای، خۆ ئەگەر توانیبایان هەردەم لەوێ بمهێڵنەوە
خۆشحاڵانە بۆیان دەبوومە زیندانی!

ئازیزەکەم، بە نێو باسکی پێکداچوودا
کە بە ئەوین هەڵدەلەرزن،
ئەو شەوە دنەی من دەدات بۆ ئەو جێیەی زەنگی مەترسی ناتوانێت
بە هیچ جۆرێک تووشی دڵەڕاوکێمان کات؛
لەوێ تەنهاوتەنها نوستن لە نوستنێکی پڕخەوتر مارە دەکرێن
لەوێ تەنها گیان لەگەڵ گیان بە بەندکراوی ڕادەکشێن.

# ٢٣

ئەم دڵەی وا لە تەک دڵم کەوتۆتە لەرز
گشت سامان و هیوای منە،
دڵخۆش نیم کە لێک دادەبڕێین
دڵخۆشم لە نێو ماچ و ماچ؛
گشت سامان و هیوا – بەڵێ! –
هەروەها گشت دڵخۆشیمە.

وەک چۆن فیسقە[1] لە نێو هێلانەی قەوزاوی
بڕێک گەنجینە هەڵدەگرن،
منیش لەوێ ئەو گەنجینانەی کە هەمبوون هەڵمگرتوون
پێش ئەوەی کە چاوانم فێری گریان بن.
داخۆ ئێمە هێندەی ئەوانیش دانا نین
گەرچی خۆشەویستی تەنها ڕۆژێک دەژی؟

---

[1] فیسقە، بە ئینگلی *wren*: باڵندەیەکی زۆر بچووکی قاوەییە و جۆری زۆرە. لە فۆلکلۆری ئایریدا ئەم باڵندەیە وابەست کراوە بە ڕۆژی ٢٦ی کانوونی یەکەمەوە کە ڕۆژی سانت ستیفنە و جۆیس لە *ئولیس* و *فینیگەنس وەیک*یشدا ئاماژەیان پێ دەدات (مەیس ٢٧٩).

# ٢٤[1]

به بێدەنگی شانە دەکات
قژی درێژی شانە دەکات،
بە بێدەنگی و شۆخوشەنگی
لەگەڵ زۆر هەوای[2] قەشەنگی.

خۆر وا لە نێو گەڵاکانی بییەکان و
لەسەر گیا خاڵخاڵەکانە،
ئەویش هێشتا قژی درێژی شانە دەکات،
لە بەردەم ئاوێنەکەدا.

تکایە لە تاڵپەڕکردن[3] ڕابوەستە،
لە تاڵپەڕکردن بە شانەی قژی درێژت،
چون جادووبازیم بیستووە
لەژێر هەوایەکی قەشەنگ،

شتێک لە خۆشەویست دەکات
کە چیتر هەر بێت و بڕوات،
گشت بە جوانی، لەگەڵ زۆر هەوای قەشەنگدا
لەگەڵ زۆر کەمتەرخەمیدا.

---

[1] ئێلمان دەڵێت ئەم هۆنراوەیە لە ٨ی نیسانی ١٩٠٤ نووسراوە، دوو حەفتە دواتر لە ١٤ی ئایاری ١٩٠٤دا ئارثەر سایمنس لە *ساتردەی ڕیڤیو*دا بڵاوی کردووەتەوە.
[2] بۆ *هەوا* بڕوانە پەراوێزی هۆنراوەی ٢.
[3] **تاڵپەڕکردن**، بە ئینگلی *comb out*: واتە دەرهێنانی تاڵی شکاو و گرێیاوی لە قژ. خۆم وشەکەم داڕشتووە.

# ٢٥[1]

هێواش بێ یان هێواش بڕۆ:
گەرچی دڵت ختوورەی خەمت دەداتێ،
با پێکەنینت زۆر دۆڵ و
زۆر خۆری کز، ئۆریاد[2]، بێنێتە ڕاکردن
تاکو هەوای بێڕێزی شاخ
تاڵتاڵی قژی فڕیوت هەموو بشەکێنێتەوە.

هێواش، هەمیشە - هەر هێواش:
ئەو هەورانەی دۆڵ لە دامێندا دەپێچن
کاتی ستێرەی ئێوارە[3]
لە نزمترین هاوەڵن؛
ئەوین و پێکەنین هەردوو بەگۆرانیدەربڕراون[4]
کاتێک کە دڵ لە ئەوپەڕی توندیدایە.

---

[1] ستانیسلاوس جۆیس دەڵێت کە ماری شیهی هەوێنی ئەم هۆنراوەیەش بووە، ئەویش دوای هەمان ئەو گەشتەیان بۆ سەر گردەکەی دەبلن کە لە هۆنراوەی ١٢دا ئاماژەی پێ درا. دەستنووسێکی تری ئەم هۆنراوەیە، کە ساڵی ١٩٠٤ی لێ نووسراوە، لە زانکۆی یەیڵ پارێزراوە. (مەیس ٢٧٩).

[2] **ئۆریاد**، بە ئینگلی *Oread*: لە ئوستوورەی گریکیدا ئەو جۆرانەی *نیمف*ەکان بوون کە لە شاخ و کێوەکان ژیاون. *نیمف/پەری* ناوی کۆمەڵە بوونەوەرێکی مێینەی نیمچە خودایی پلەنزمن و هەندێک جار بە «کچانی زووس/جوپیتەر» ناسێنراون، هەندێک جار بۆ کۆبوونەوەکانی ئۆلیمپوس بانگ کراون، واتە کۆبوونەوەی خوداکانی کۆنی گریک. دەکرێت دابەش بن بەسەر دوو چینی گەورەدا، چینی یەکەم: کەسێنراوی هەندێک بەشی سروشتن، وەک کانی، ڕووبار، ئەشکەوت، درەخت، شاخ... تد. چینی دووەمیان کەسێنراوی ڕەگەز و هۆز و وڵاتن، وەک *کیرینی* و زۆرێکی تریش. دەکرێت چینی یەکەم دیسان دابەش بکرێت بەسەر چەند پۆلێکدا، یەکەمیان: پەرییە ئاوییەکانن، کە بەشێکیان پێیان دەوترێت: *کچەکانی ئۆقیانوس*، بەشێکیان پەرییەکانی دەریای ناوەڕاست، یان دەریای ناوەوەن، کە پێیان دەوترێت *کچەکانی نیریوس*؛ پەرییەکانی ئاوی سازگاری ڕووبار و دەریاچە و جۆگەلە و کانییەکانیش بە *نایاد* ناسراون، کە ئەوە ناوە گشتییەکەیانە و خۆیشیان ناویان هەیە. (*فەرهەنگێکی نوێی کلاسیکی ژیننامە و ئوستوورە و جوگرافیای گریکی و ڕۆمی*، دانانی چارلس ئانتۆن، [نیویۆرک، ١٨٨٤]، لا. ٥٦١).

[3] **ستێرەی ئێوارە** ئەستێرەی ئێوارەیە، بیری *ئەستێرە شەرمنەکەی* هۆنراوەی ٤مان دەخاتەوە کە لەوێ مەبەستی لە ڤینۆس (ناهی/ زوهرە) بوو (مەیس ٢٧٩).

[4] **بەگۆرانیدەربڕراو** وشەیەکی لێکدراوی جۆیس خۆیەتی، بە واتای شتێک کە بە گۆرانی دەردەبڕرێت. لێرەدا مەبەست لەوەیە کە دڵ لە ئەوپەڕی توندیدایە ئەوین و پێکەنین بە گۆرانی دەربڕێت.

# ٢٦[1]

بۆ توێکڵی شەو، خانمی ئازیز،
تۆ گوێچکەیەکی خودایی ڕادەدێریت.
لە نێو ئەو کۆڕی شادییە نیانەدا[2]
چ دەنگێک بوو دڵتی ترساند؟
لەو ڕووبارانە دەچوو کە لە بیابانە بۆرەکانی باکوورەوە
بەرەو پێش هوروژم دێنن؟

ئەو مەزاجەت، ئەی زنۆقچوو،
ئەگەر باش لێی ورد بیتەوە، هی هەمان ئەو کەسەیە کە
چیرۆکێکی شێتۆکانەی بە ئێمە ڕاسپاردووە
لە سەعاتی خێوهێناندا[3] وە بەر ڕوو دێت[4] –
ئینجا بۆ هەندێک ناوی سەیر
گشت پورچەس[5] یان هۆلینشێدی[6] خوێندۆتەوە.

---

[1] بڕوانە پەڕاوێزی ژمارە ١ی هۆنراوەی ١٢.

[2] **کۆڕ**: مەبەست لە کۆڕی ستران و سروودبێژانە، وەک ئەوانەی کڵێسا، لێرەدا کۆڕەکە لە بری خودی سترانەکە بە کار هاتووە.

[3] **خێوهێنان**: گەرچی بە گشتی ئەم هۆنراوەیەی جۆیس سەیرە، بەڵام کۆپلەی دووەمی لە یەکەمی سەیرتر و ناڕوونترە. ئەو وشەیەی جۆیس بە کاری هێناوە وشەی *گۆستینگ* *ghosting*ە. کە وا دیارە بە واتای ئەوە بێت کاتێک بانگی خێو و سەهویر و دێو و درنج دەکرێت، من *خێوهێنان*م بۆی دانا.

[4] **وەبەرڕووهێنان**: یان دەکرێت بێتە پێش چاو، وەک چۆن خێو و سەهویر و دێو و درنج دێنە پێش چاو و وە بەر ڕوو دەکەون.

[5] **پورچەس**: ساموێل پورچەس (١٥٧٧؟-١٦٢٦) پیاوێکی دینیی ئینگلی بوو، گەشتنامەیەکی خۆی نووسیوەتەوە، ساموێل تەیلەر کۆلێریدج (١٧٧٢-١٨٣٤) وتوویەتی لەو نووسینەی ئەوەوەیە کە بڕیاری داوە *کوبلا خان* بنووسێتەوە. کۆلێریدج هۆنراوەیەکی بە ناونیشانی *کوبلا خان* نووسیوە. (مەیس ٢٨٠).

[6] **هۆلینشێد**: ڕافائێل هۆلینشێد (بە نزیکی ١٥٢٥- ١٥٨٢) مێژوونووسێکی ئینگلی بووە، پوختەی مێژووی ئینگلتەرا و سکۆتلاند و ئایرلاندی نووسیوە، شێکسپیر (١٥٦٤-١٦١٦) هەندێک لە شانۆنامەکانی لەسەر ئەم پوختەی مێژووە داناوە وەک مەکبێث. (مەیس ٢٨٠).

# [1]٢٧

گەرچی میهردادی[2] تۆ بووم،
لە دژی تیری ژەهراوی دانرابووم،
بەڵام دەبێت دامبپۆشیت نائاگادار[3]
تا گەشکەی دڵت بزانم[4]،
هەر لە کینەی میهرەبانیت
من دەڵێم و دەردەبڕم[5].

بۆ واژەی دانسقە و ناسک،
ئازیزەکەم، لێوەکانم دانایانە چەور دەکەن؛
نە ئەو ئەوینەم ناسیوە
کە هۆنەرە زوڕناژەنەکانی ئێمە شکۆ بە ستایشی دەدەن
نە ئەوینێکیش کە هەرگیز
هێند کەمتر درۆیینە بێت.

---

[1] جۆیس دەستنووسی ئەم هۆنراوەیەی داوە بە کۆنستەنتین کیوران (١٨٨٣-١٩٧٢)، بەڵام وا یارە ئەم دەستنووسە پاکنووس بێت و ئەوەی یەکەم جار نەبێت، لەسەر ئەم دەستنووسە نووسراوە ٣٠ی ئەیلوولی ١٩٠٤، وا دیارە ستایسلاوس جۆیس دەستی لە پێداچوونەوەی ئەم هۆنراوەیەدا هەبووبێت (مەیس ٢٨١) کیوران هاوڕێی جۆیس بووە و ئەو کەسەیە کە وێنە بەناوبانگەکەی جۆیسی گەنجی گرتووە کە دەستی لە گیرفانیدایە و شەبقەی یەختئاژووتنی لە سەردایە و لە باخێکدایە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ڕاڤەی ٥٤ی ئەڵقەی دووەمی بەرگی یەکەمی *ئولیس و ڕاڤەکانی*. ئەم هۆنراوەیە بە گشتی ناڕوونە و ڕێزمانەکەشی تەڵاوییە، هەندێک لە دێڕەکانی دوو واتا دەگەیەنن.

[2] میهردادی شەشەم (١٣٥-٦٣ پ.ز.)، شای پۆنتیوس بووە (تورکیای ئەمڕۆ و کەنارەکانی دەریای ڕەش). دەوترێت گوایە ئەوەندە دژەژەهری خواردووە کە وای کردووە ژەهر کاری تێ نەکات (مەیس ٢٨١).

[3] واتای یەکەم: بەڵام دەبێت تۆ من داپۆشیت لە کاتێکدا تۆ نائاگاداریت؛ واتای دووەم: بەڵام دەبێت تۆ من داپۆشیت لە کاتێکدا من نائاگادارم.

[4] خوێندنەوەی ٢: بەڵام دەبێت دامبپۆشیت تا لە زانینی گەشکەی دڵت نائاگادار بم.

[5] دەکرێت مەبەست ئەوە بێت: تا دامنەپۆشیت من هەر باس لە کینەی میهرەبانیی تۆ دەکەم.

## ٢٨[1]

خانمی نیان، بەسەر کۆتایی ئەویندا
گۆرانیی خەمناک مەبێژە؛
خەمباری وە لا بنێ و بێ بەسەر ئەوەدا بیبێژە
کە چۆن بەسە ئەو ئەوینەی تێدەپەڕێت.

بێژە بەسەر نووستنی قووڵ و درێژی
ئەو دڵدارانەی کە مردوون، ئینجا کە چۆن
گشت ئەوینێک لە نێو گۆڕەکاندا دەنوون:
ئەوین ئێستاکە کەشەنگە.

## ٢٩

دڵی ئازیز، بۆ وا بە کارم دەهێنیت؟
چاوی ئازیز، کە وا پیامدا هەڵدەشاخێیت بە هێمنی،
هێشتاکە جوانیت – بەڵام ئاخ،
جوانیەکەت چۆن خۆی پۆشیوە!

لە ئاوێنە ڕوونەکەی چاوانی تۆوە،
لە نێو ئاهی ناسکی ماچ بۆ ماچەوە،
بای خەمبار لەگەڵ لوورەلوور
هێرش بۆ سەر ئەو باخچە سێبەراوییە دەبەن کە ئەوینی لێیە.

ئینجا هەر زوو ئەوین هەڵدەوەشێتەوە
کە ڕەشەبا بەسەر سەرماندا هەڵدەکات –
بەڵام تۆ، ئەی خۆشەویستی بەنرخم، لام زۆر بەنرخیت،
سەد مخابن! بۆ وا بە کارم دەهێنیت؟

---

[1] لەگەڵ پێنج هۆنراوەی تردا لە کۆمەڵە دەستنووسێکی شقڵیوپقڵیی جیاوازدا هاتوون، وا دیارە لە نێوان ١٩٠٣-١٩٠٤ نووسرابێت. (مەیس ٢٨١).

# ٣٠

ئەوین هاتە لامان کاتێک کە تێپەڕی
کە یەکێکمان شەرمنانە لە کاتی بوولێڵدا دەیژەند
ئەوی تریش لە ترساندا لە نزیکەوە وەستابوو –
چونکە ئەوین سەرەتا زۆر ترسنۆکە.

دوو ئەوینداری سەنگین بووین[1]. ئەوین ڕۆیشت
زۆر کەس کاتی خۆشی ئەویان بۆ لوواوە[2]؛
سا بە خێر هاتیت بۆ لامان
ئەی ئەو کۆڕێیەی[3] کە ئێمە بەسەریدا تێدەپەڕین.

---

[1] لە دەقە ماکەکەدا دەڵێت: *گرەیڤ لەڤەرس* *grave lovers* کە دوو واتای هەیە: ١. ئەویندارى سەنگین، یان ڕشت، یان مەند؛ ٢. وشەی *گرەیڤ* ڕەگەزدۆزیی تەواوە، واتە واتایەکی تری هەیە کە *گۆڕە*، لەو کاتەدا بە واتای ئەوە دێت کە: *دوو ئەویندارى نێو گۆڕ بووین.*

[2] ئەوین بە کەس کراوە، بڕوانە دووەم پەراوێزی هۆنراوەی ١. لە دەقە ماکەکەی ئەم دێڕەدا دەردەکەوێت کە نێرە، چونکە *ئەوی نێری* بۆ بە کار هێناوە. ئەم دێڕە واتە: زۆر کەس کاتی خۆشی ئەوینیان بەرکەوتووە.

[3] **کۆڕێ** واتە کۆمەڵێک ڕێ، خۆم وشەکەم داڕشتووە. جۆیس پێشتر لە هۆنراوەی ١٨دا «ڕێی ئەوین»ی هێناوە، لێرەدا بە کۆ ناوی ڕێکە دەهێنێت، واتە زیاترە لە ڕێیەک، بۆیە کۆڕێیە.

# ٣١

ئای، نزیک دۆنیکارنی[1] بوو
شەمشەکە لەم دار بۆ ئەو دار هەڵدەفڕی
خۆم و یارم پێکەوە پیاسەمان دەکرد؛
قسەی خۆش خۆشی بۆم دەکرد.

بای هاوین لەگەڵ ئێمەدا
دەیورنگاند - ئای بە خۆشی!
بەڵام لە هەناسەی هاوین نەرم و خۆشتر
ئەو ماچە بوو کە پێمی دا.

# ٣٢

بە درێژایی ڕۆژ باران داباری.
ئای وەرە لە نێو ئەو دارانەی کە باریان گرانە[2]:
گەڵاکان لەسەر ڕێی یادگارییەکان
چڕ ڕاکشاون.

بۆ کەمێک لەسەر ڕێی یادگارییەکان
ڕادەوەستین و جیا دەبینەوە.
خۆشەویستەکەم وەرە ئەو جێیەی
لەوێ دەتوانم بۆ دڵت بدوێم.

---

[1] **دۆنیکارنی**: لە سەردەمی جۆیسدا دێیەکی دڵگیری پاڵشاری دەبلن بوو لەسەر ڕێی مالەهاید، ئەویندااران دەچوون بۆ ئەوێ و بابە کۆنمییان لێ دەردەکەوت. ئێستانان ناوچەیەکی شاری دەبککنە لە نێوان مارینۆ و ئارتەیندایە (مەیس ٢٨٢).
بابە جۆن کۆنمی قەشەیەکی یەشووعی بووە و لێپرسراوی دوو قوتابخانەی سەردەمی منداڵیی جۆیس بووە، لە *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا* و لە *ئولیس*یشدا ناوی هاتووە.

[2] بە هۆنراوە و لەسەر کێش لەمە باشتر بۆم نەهاتەوە، بەڵام وەرگێڕانی ناهۆنراوەیی دێڕەکە بەم شێوەیەیە: *ئای بە نێو ئەو درەختە بارگرانانەدا وەرە*. ڕەنگە لەبەر ئەوە بڵێت: «درەختی بارگران» چونکە درەختەکان گەڵایان زۆر پێوەیە، بەڵام سەیرەکە ئەوەیە کە لە دێڕی دواتردا دەڵێت: «گەڵاکان لەسەر ڕێی یادگارییەکان چڕ ڕاکشاون»، واتە وەریوەن، لەو کاتەدا دەبوو درەختەکان باریان گران نەبووایە!

# ٣٣[1]

ئێستا، ئای ئێستا، لە نێو ئەم خاکە قاوەییەدا[2]
کە ئەوین گەلێک موزیکی خۆشی تێیدا دروست کرد
دەبێت بگەڕێین هەردووکمان بە جووت، دەست لە ناو دەستدا،
دەبێت لە پێناو دۆستێتیی کۆندا پشوودرێژ بین،
دڵتەنگیش نەبین کە دڵخۆش بووە ئەوینەکەمان
کە وا ئێستاکە بەم چەشن و ڕێیە کۆتایی پێ هات.

ساختەچییەکی پۆشاک سوور و زەرد[3]
هەردەم دەکێشێت بە درەختەکاندا؛
باش بە چواردەوری تەنیاییماندا
بە خۆشییەوە هەر دەفیکێنێت[4].
گەڵاکانیش قەت ئاه هەڵناکێشن
کە لە خەزاندا ساڵان دەیانبەن.

ئێستا، ئای ئێستا، ئیتر نابیستین
بەستە و هەڵپەڕکێ[5]!

---

[1] ستانیسلاوس دەڵێت کە جۆیس لە یەکەم گەشتیدا بۆ پاریس لە نێوان ساڵی ١٩٠٢-١٩٠٣دا ئەم هۆنراوەیەی نووسیوە (مەیس ٢٨٣).

[2] **قاوەیی**: چەند جارێک ئەم وشەیە لە چیرۆکەکانی *دەبلنییەکان*یشدا دێتەوە کە وێنەی گەڕیی شاری دەبلن دەکێشێت. لە *ستیفنی پاڵەوان*دا دەڵێت: «خانمێکی گەنج لەسەر قادرمەکانی یەکێک لەو ماڵە خشتە قاوەییانە ڕاوەستابوو کە ڕێک دەڵێیت بەکەسکراوی ئیفلیجیی ئایرییە» (مەیس ٢٨٣) - جگە لە ئاماژە پایزییەکەی، کە قاوەیی و سوور و زەرد و خەزاندا (لە دێڕەکانی دواتردا) زیاتر دەگونجێت.

[3] وا دیارە ئەمە هەمان ئەو قەرەقۆزەی هۆنراوەی ١٠ بێت.

[4] ساختەچییەکە وەک ئامێرێکی تەپڵیی موزیک بە درەختەکاندا دەکێشێت و دەکێشێت، با-ش بە چوارەوری تەنیاییاندا هەڵیکردووە و دەفیکێنێت.

[5] لە دەقە ماکەکەدا بە *ڤیلانێل* vilanelle و *ڕاوندیلەی* roundelay هاتوون، جۆیس چ لێرە و چ لە *ستیفنی پاڵەوان* و نووسینەکانی تریشیدا هەمیشە ڕێنووسی ئەم وشەیەی بە هەڵە بە یەک *ئێل* نووسیووە، لە کاتێکدا ڕاستەکە بە دوو ئێڵە کە *villanelle*ە، بەڵام نازانرێت بۆچی وەها نووسیویەتی. ڤیلانێل هۆنراوەیەکە لە پێنج کۆپلەی سێ دێڕی پێک دێت، کۆپلەی دوای ئەوان چوار دێڕە، واتە بە کۆی هەموو هۆنراوەکە نۆزدە دێڕە. ڕاوندیلەی سەمایەکی خاوی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپا بووە کە بە بازنەیی کراوە، بە گۆرانییەکەیشی هەر وتراوە *ڕاوندیلەی*.

بەڵام ئەی ئازیز، پێش ماڵئاوایی پڕ لە خەمناکیی
کۆتایی ئەمڕۆ یەکتر ماچ دەکەین.
ئازیز، تۆ مەبە بۆ هیچ شت دڵتەنگ –
هەر ساڵە و ساڵیش کەڵەکە دەکات[1].

## ٣٤[2]

تۆ ئێستا بنوو، ئای ئێستا بنوو،
ئەی دڵەی نەسرەوت!
دەنگێک لە دڵما دێ و دەلوورێنێت:
«هەر ئێستا بنوو».

لە بەردەرگاوە
دەنگی زستان دێت.
بنوو، چون زستان
وا دەلوورێنێت: «تۆ ئیتر مەنوو».

ماچەکەم ئێستا ئارامی و سرەوت
بە دڵت دەدات –
سا بە ئارامی تۆ بنوورەوە،
ئەی دڵەی نەسرەوت!

---

[1] «ساڵیش کەڵەکە دەکات»، یان «ساڵ کۆ دەکاتەوە»، یان «کەڵەکەبووی ساڵان»، بە شێوەیەکی تر لە ئەڵقەی حەوتەمی *ئولیس*یشدا هاتووەتەوە، وا دیارە دەربڕینێکی کۆنی ئینگلی بێت، بە واتای *تێپەڕینی ساڵ* دێت. لێرەدا ساڵ چووێنراوە بە جووتیار و تەمەن چووێنراوە بە بەری ئەو جووتیارە، تا زیاتر تێبپەڕێت بەر زیاتر کۆ دەکاتەوە، لە ئەنجامی ئەمەش پیر دەبێت.

[2] لەگەڵ پێنج هۆنراوەی تردا لە کۆمەڵە دەستنووسێکی شقڵیوپقڵیی جیاوازدا هاتوون، وا دیارە لە نێوان ١٩٠٣-١٩٠٤ نووسرابێت (مەیس ٢٨٣). وەک لە پێشەکییەکەی ئەم هۆنراوانەدا ئاماژەم پێی دا، جۆیس لە نامەیەکیدا بۆ جی مۆلینیو پاڵمەری گۆرانیبێژی ئایری دەڵێت کە ئەم هۆنراوەیە کۆتایی هۆنراوەکانە و دووانەکەی دوای ئەمە کلکن.

# ٣٥[1]

به درێژایی ڕۆژ دەبیستم هەرای ئاوەکان کە هەر
ناڵەناڵ دەکەن،
وەکو مەل خەمبار کاتێک بە تەنیا
بە ڕێوە دەڕۆن،
گوێی لە باکانە کە بۆ یەکتۆنیی
ئاو دەلوورێنن.
بای بۆر و بای سارد بۆ هەر جێ بچم
لەوێ هەڵدەکەن.
لەو خوارە هەرای
زۆر ئاو دەبیستم.
بە درێژایی ڕۆژ، بە درێژایی شەو، دەبیستم دەنگیان
کە خوڕەیان دێت بەملا و ئەولادا.

---

[1] جۆیس لە کانوونی یەکەمی ١٩٠٢دا، هەر ماوەیەک پێش ئەوەی لە پاریسەوە بگەڕێتەوە بۆ دەبلن، لەسەر پۆستکارتێک نوسخەیەکی ئەم هۆنراوەیەی بۆ جەی ئێف بەیرن ناردووە. لەوێ ناونیشانەکەی نووسراوە «بەشی دووەم – کردنەوەیەک کە چیرۆکی گەشتی گیان دەگێڕێتەوە». وا دیارە ئاماژەیە بە دەرخستنی جیاوازی لە نێوان ژیانی جۆیس پێش و دوای ئەوەی دەبلنی بۆ پاریس بە جێ هێشتووە. کەچی تەنها لە دواهەمین ڕیزبەندیی دەستنووسەکانیدا ماوە، کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ تشرینی یەکەمی ١٩٠٦. جۆیس دواتر وتوویەتی کە ئەم هۆنراوەیە کلکە (مەیس ٢٨٤).

# ٣٦[1]

وا سوپایەک لەسەر زەوی هێرش دەبەن، گوێم لێیانە،
لەگەڵ گرمەی هەڵبەزینەوەی ئەسپانیش، کەف تا ئاستی ئەژنۆیانە:
لووتبەرز بە زرێی ڕەشەوە، گالیسکەچیش قەمچیەکانیان دەفرتێنن،
لە پشتیانەوە وەستاون، ڕقیان لە جڵەوەکانە.

بە نەڕە دەیخەنە نێو شەو ناوی جەنگیان:
بە دەم خەوەوە دەناڵم کە لە دوورەوە دەبیستم گێژەڵۆکەی پێکەنینیان.
دەقڵیشێنن تاریکیی هەموو خەونەکان،
بڵێسەیەکی کوێرکەریش بەسەر دڵدا دەکێشێت و هەر دەکێشێت وەکو سندان.

دێن و لە سەرکەوتنیاندا قژی سەوز و درێژیشیان دەلەرزێنن:
لە دەریاوە دێنە دەر و بەسەر کەناردا ڕادەکەن، دەنەڕێنن.
هیچ داناییەکت نییە کە تۆ ئاوها نائومێدیت، ئەی دڵی من؟
ئەوینی من، ئەوینی من، ئەوینی من، بۆچی تۆ منت بە جێ هێشت؟[2]

---

[1] جۆیس لە ساڵی ١٩٠٣دا ئەم هۆنراوەیە و هۆنراوەی ٤ی لە پاریسەوە ناردووە بۆ ستانیسلاوس، ناوی ناوە «بەشی دووەم» وەک هۆنراوەی ٣٥، کە لە هیچ کامێک لە دەستنووسە بەراییەکاندا نەبوون. دواتر وتوویەتی کە ئەم هۆنراوەیە کلکە. ستانیسلاوس دەڵێت کە ئەم هۆنراوەیە لە خەونێکەوە سەرچاوەی گرتووە (مەیس ٢٨٤).

[2] ئەم دێڕە لەسەر دێڕێکی *مزگێنی بە گوێرەی نووسینی مەتا* (٢٧: ٤٦) و *مزگێنی بە گوێرەی نووسینی مەرقۆس* (١٥: ٣٤) داڕێژراوە: ئەوەی مەرقۆس، کە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەوەی مەتادا نییە، دەڵێت: «لە کاتژمێر سێ، عیسا بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: 'ئێلی، ئێلی، لەما شەبەقتانی' واتە: خودای من، خودای من، بۆ وازت لێ هێنام». جیاوازییەکە ئەوەیە جۆیس سێ جار بانگی ئەوینەکەی دەکات.